گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان[1]

## (توێژینەوەیەکی یاسایی شیکارییە)

**پ.ی.د. مریوان صابر حمد**
ئەنجومەنی وەزیران، هەرێمی کوردستان، عێراق
mariwansaberhamad@gmail.com

**کاڵێ وسو أحمد**
قوتابی ماستەر، بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Kalewsw1982@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١١/٢٠
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١٢/٢١
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Kurdistan Parliament, minorities rights, political participation, legal framework, quota system.*

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ڕۆڵی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان، لەوەتەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وەك یەکەم دامەزراوەی حوکمڕانی لە ساڵی (1992) ئاراستەی یاسادانانی پەرلەمان لە یاساکانی هەرێمی کوردستان ئەوکات و، تا ئێستاش، بایەخێکی زۆریان بە گەرەنتیکردنی مافی پێکهاتەکان بەشێوەیەك زامنی ئەوە بکرێت پێکهاتە نەتەوەیی وئایینییەکان بتوانن مافەکانی خۆیان پیادە بکەن وپاراستنی تایبەتمەندێتی کەلتوری وناسنامەی نەتەوەیی وئایینییان، لەو بوارەدا، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان -عێراق لە ساڵی (2015) لە لوتکەی ئەو یاسایانەدا دێت کە پەرلەمانی کوردستان لەوەتەی دامەزراندنیەوە تا ئێستا دەری کردووە لە چوارچێوەی پاراستنی مافە سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وکەلتورییەکان بۆ گشت پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان. لەم توێژینەوەیە

[1] ئەم توێژینەوەیە هەڵچێنراوە لە ماستەرنامەی قوتابی (کاڵێ وسو أحمد) لە بەشی یاسا لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەڵاحەددین -هەولێر لەژێر ناونیشانی (مافی پێکهاتەکان لەژێر ڕۆشنایی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان ژمارە (5)ی ساڵی (2015)).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Doi:
10.25212/lfu.qzj.7.2.15

هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشە یاساییانەمان داوە کە پەیوەستن بە مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، ولەو شوێنەی پێویستی کردبێت، دەرەنجام وراسپاردە پێشکەش کراون، بەمەبەستی هەموارکردنی ئەو دەقە یاساییانەی پێویستە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستانی بگونجێندرێن. لەم توێژینەوەیە چەمکی پێکهاتەکان لە ڕووی یاساییەوە شیکراوەتەوە وپۆلینی پێکهاتەکان خراوەتە ڕوو، وباس لە نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان کراوە، ویاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو تایبەت بە تەرخانکردنی چەند کورسییەکی کۆتا بۆ پێکهاتەکان هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە لەژێر ڕۆشنایی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی بەشداری سیاسی پێکهاتەکان،وهەروەها تیشك خراوەتە سەر ڕۆڵی یاسادانانی پەرلەمان وبەشداریکردنی لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان وگەرەنتی کردنیان.

## 1. پێشەکی:

زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە زیاتر لە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینی پێکدێن، کە ئەو پێکهاتانە، لە ڕووی ئایین و نەتەوە و تەنانەت لە بواری فەرهەنگیش جیاوازن. بۆیە وڵاتێکی وا نابینرێ کە لە یەك نەتەوە پێکهاتبێت، یان بە یەك زمان قسە بکەن، یان هەمووان یەك ئایینیان هەبێت، هەر ئەمەش وادەکات کە لە زۆربەی وڵاتان، قسە لەسەر پێکەوە ژیان بکرێت، پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە جیاوازەکان، ئایینە جیاوازەکان، فەرهەنگە جیاوازەکان. لەبەرئەوە پێکهاتەکان هەوڵ دەدەن لە نێو ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین مافەکانیان بۆ فەراهەم بکرێت و لەو پیناوەدا خەبات و کۆشش دەکەن. ئەوان هەوڵی سیاسی و یاسایی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆیان لە نێو ناسنامە گشتییەکەی وڵاتدا بدۆزنەوە، ناسنامەیەك تیایدا تایبەتمەندی خۆیان وەکو پێکهاتە بسەلمێنن لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەکەم/ گرنگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر چوارچێوەی یاسایی ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان وەك دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان، کە ئەم بابەتەش لە زیاتر لە ڕەهەندێکەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لە لایەك، هەرێمی کوردستان لە ڕووی مێژووییەوە تاوەکو ئێستا بە لانکەی پێکەوە ژیان ناسراوە وهەمیشە نەتەوە وئایین وبیروباوەڕ وکەلتوری جیاوازی لە خۆگرتووە، بۆیە ڕۆشنایی خستنە سەر لایەنی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ومیکانیزمە یاساییەکانی گەرەنتیکردنی ئەم مافانە گرنگییەکی زۆرییان هەیە، وبەتایبەتتریش کە توێژینەوەکە ڕۆلی پەرلەمانی کوردستان لەو بوارەدا هەڵدەسەنگێنێت کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیە. لە لایەکی دیکە، شیکردنەوەی یاسایی حوکمەکانی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان بە بابەتی توێژینەوە لە ڕوانگەی ئەو هاوسەنگییەی کە پێویستە دەقی یاساکان پەیڕەوی بکەن لە نێوان ڕیزگرتن لە گشت پێکهاتەکان ودانانیان بە هاوڵاتی خاوەن ماف و ئەرك لە هەرێم ولە نێوان پاراستنی مافی ئەو پێکهاتانە لە پاراستنی تایبەتمەندێتی وناسنامەی خۆیان.

**دووەم/ کێشەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات زیاتر لە کێشەیەکی یاسایی چارەسەر بکات، یەکەمیان لە ڕوانگەی نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان، لەو ڕاستییەی کە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دامەزراندنیەوە لە ساڵی (1992) بەشداریکردنی سیاسی پێکهاتەکانی لە پەرلەمانی کوردستان دانپێداناوە بە یاسا، لێرەشدا پێویستە لەو کێشەیە بکۆڵینەوە کە ئایا یاسا بەرکارەکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەکان لە پەرلەمان توانیویانە گەرەنتی بەشداریکردنێکی سیاسی کارای پێکهاتەکان بکەن لە پەرلەمان؟.

سەرەڕای ئەوە، ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە هەردوو ئەرکی یاسادانان وچاودێری چ کاریگەرییەکی هەبووە لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان، وبە دیاریکراوی چارەسەرکردنی کێشەی یاسایی لە خودی دەقەکانی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان -عێراق ژمارە (5)ی ساڵی (2015) کە لە چەندین مادده وبڕگەیدا ئاماژەی بۆ یاسا بەرکارەکانی هەرێم کردووە، لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: ئایا خودی یاسا بەرکارەکان گەرەنتی تەواوی مافی پێکهاتەکانیان کردووە؟ یاخود ئەوانیش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستییان بە هەموارکردنەوە هەیە بە پێی پێشکەوتنی سیاسیی وئابووری وکۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

### سێیەم/ چوارچێوەی توێژینەوە:

1. لە ڕوانگەی ئەوەی کە باوەڕمان بەوەیە کە توێژینەوەی زانستی دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایە بێت کە توێژەر تێیدا دەژیت بۆ ئەوەی چارەسەری بابەتێکی هەنوکەیی و فیعلی و پێویست بکات کە لە کۆمەڵگا لە ئارایە، بۆیە چوارچێوەی بابەتەکەمان سنووردار کردووە بە هەرێمی کوردستان ویاسا کوردستانییەکان، و چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان، لەو ڕوانگەیەوە شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ بابەتی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو ویاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان -عێراق ژمارە (5)ی ساڵی (2015) و، ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی، پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ، دەستوری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ١٩٩٣، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن و تیرۆر لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠٠٦، یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان٠عێراق، ٢٠١٤، یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ١٩٩٣، یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١١، یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠١٠، یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠٠٧، یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٧، یاسای ڕێکخستنی خۆپێشاندان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠١٠، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠١٠، یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنوسان، ١٩٩٨ هەموارکراو، یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ٢٠١٤، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ١٩٩٢، یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای پەسندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ، ٢٠٠٨، یاسای وەزارەتی پەروەردە، ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان-عێراق ٢٠١٠،

یاسای وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی بۆ دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی پێكەوەژیانی ئایینەكان لە دیوانی وەزارەت، ٢٠١٧، یاسای وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی لە هەرێمی كوردستان-عێراق ، ٢٠٠٧، یاسای ئامادە كردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان-عێراق بۆ ڕاپرسی، ٢٠١٥، یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی كوردستان-عێراق ٢٠١٥، یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی كوردستانی عێراق ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١١، یەكێتیی ماموستایانی كوردستان-عێراق هەمواركراو، ٢٠٠٢، وە كۆنوسی كۆبونەوەكانی سەركردایەتی سیاسی بەرەی كوردستانی كە بنەغایەكی بەهێز بوون بۆ پێدان و پاراستنی مافەكانی پێكهاتەكان لە كوردستان لە ڕووی یاسایی.

## چوارەم/ میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیكاریمان بەكارهێناوە، ئەوەشیان بەشیكردنەوەی دەقەكانی یاسا پەیوەندییدارەكان بە بابەتی توێژینەوەمان و، لەو شیكارییەدا، لەپاڵ پشتبەستن بەسەرچاوەی ڕەسەن ونوێی فیقهی دەستوری، وسوود وەرگرتن لە ڕای دەستورناسان كە لە دووتوێی پەرتووك و توێژینەوە زانستییەكان بڵاوكراونەتەوە، بە تێڕوانینێكی بابەتییانە ڕای تایبەتی خۆمان لە بابەتەكانی توێژینەوە پێشكەش كردووە، لە پێشكەشكردنی ڕای خۆمان تێڕوانینێكی ڕەخنەگرانەمان پەیرەو كردووە بۆ ڕووناكی خستنەسەر ئەو شوێنانەی كە لە یاسا بەركارەكان كێشەی تێدایە.

## پێنجەم/ پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە سێ باسی سەرەكی پێكدێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

باسی یەكەم: چەمكی پێكهاتەكان وپۆلینكردنیان

خواستی یەكەم: دیاریكردنی یاسایی چەمكی پێكهاتەكان

خواستی دووەم: پۆلینكردنی پێكهاتەكان

باسی دووەم: نوێنەرایەتی سیاسی پێكهاتەكان لە پەرلەمانی كوردستان

خواستی یەكەم: پێوەرە نێودەوڵەتییەكانی بەشداری سیاسی پێكهاتەكان

خواستی دووەم: ڕێكخستنی یاسایی نوێنەرایەتی سیاسی پێكهاتەكان لە پەرلەمانی كوردستان

باسی سێیەم: ئەركی یاسادانانی پەرلەمان ورۆڵی لە پاراستنی مافی پێكهاتەكان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خواستی یەکەم: چوارچێوەی یاسایی بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە حوکمڕانی
خواستی دووەم: چوارچێوەی یاسایی مافە شارستانی وفەرهەنگییەکانی پێکهاتەکان

## باسی یەکەم
## چەمکی پێکهاتەکان وپۆلێنکردنیان

قسەکردن لەبارەی چەمکی پێکهاتەکان و دیاریکردنێکی یاسایی ئەو چەمکە ئاسان نییە.کۆمەڵگە فرەییەکان لە ڕوانگەی گونجان و توانەوە، جۆرێکن لە جۆرە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش لەبەرئەوەی پێکدێن لە کۆمەڵێک مرۆڤ کە جیاوازییان هەیە لە ڕوانگەی ئەتنی و نەتەوەیی و ئایینی لە ئەوانەیتر. لەبەر ئەوە خواست و ئامانج و ویستەکانیان جیاواز دەردەکەوێت کە لەئەنجامدا، لەشێوەی داواکاری جیاوازی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دیار دەبێت[2].
ئەم باسە بەسەر دوو خواست دابەش دەکەین، لە خواستی یەکەمیان دیاریکردنی یاسایی چەمکی پێکهاتەکان دەخەینە ڕوو، وخواستی دووەمیش بۆ پۆلینکردنی پێکهاتەکان تەرخان دەکەین.

### خواستی یەکەم: دیاریکردنی یاسایی چەمکی پێکهاتەکان

لقی یەکەم: چەمکی پێکهاتەکان لە یاسای نێودەوڵەتییدا
لقی دووەم: چەمکی پێکهاتەکان لە یاسای ناوخۆیی وڵاتاندا

**لقی یەکەم/ چەمکی پێکهاتەکان لە یاسای نێودەوڵەتییدا:**

چەمکی پێکهاتەکان لەڕوانگەی یاساییەوە چەندین لێکدانەوەو پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە. ناساندنی چەمکی پێکهاتە بەپێی دۆخ و کات و گونجان، گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە ئەو چەمکە لەو ڕووە بەرتەسکی و بەرفراوانی بەخۆیەوە بینیووە. هەندێکات تەنها بە پێکهاتەی ئایینی ناسێنراون، لە

[2] - امجد على حسين، النظام الفدرالي كحل للنزاعات في المجتمعات التعددية، رسالة ماجستير،جامعة دهوك، فاكلتي العلوم الانسانية، سكول القانون و السياسة، 2010، ص5.

سەردەمی چاکسازی ئایینی لە ئەوروپا، کە یەکەم دەرکەوتنی بابەتی پێکهاتەکان بە جۆرەکانییەوە بوو هەتا ئەوەیکە زاراوەی پێکهاتە گشت چەمکەکان دەگرێتەوە کە لە پانتایی واتاکەیدا، بونیان هەیە.[3]

دیاریکردنی چەمکی پێکهاتە، لەو بابەتانەیە کە پێویستی بە گرنگی و لێوردبوونەوە هەیە تا بتوانین ئەو گروپانەی کە پێکهاتەن بپارێزرێن، بۆیە لەو رێگەیەوە دەزانین کە دەوڵەتان پابەندن بە پێدانی ڕاپۆرتەکانیان لەبارەی پێشوەچونی مادەکانی عەهدی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسییەکان.[4] چەندین پێناسە هەیە بۆ چەمکی پێکهاتە کە لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەک لەو پێناسانە دەکەین:

دادگای دادی نێودەوڵەتی واتای پێکهاتەی لە بۆچونێکی راوێژکاری لە گروپەکانی یونانی و بولغاری ئاڵۆگۆرکراو لە ساڵی (١٩٣٠) بەو شێوەیە باسکرد کە: گروپێکن لە تاکەکان کە لە هەرێم یان لە ناوچەیەکی دیاریکراو نیشتەجێن کە ئەوان نەتەوە یان ئایین یان زمان یان دابونەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە، لەناوخۆیان هەست و سۆزی پێکەوەژیان و پەیوەندییان هەیە بۆ پاراستنی مافە تایبەتییەکانیان و بەردەوامبونیان لەسەر نەریتەکانی خۆیان و باوەڕیان،وە گەرەنتی سەرخستن و پەروەردەی منداڵەکانیان بەپێی نەریت و بنەرەتی نەتەوەیی و کارکردن پێیان بۆ پارێزراوی خۆیان.[5]

لەساڵی(١٩٥٠) لێژنەی لاوەکی بۆ نەهێشتنی جیاکاری و پاراستنی پێکهاتەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوە یەکگرتووەکان، رەگەزە سەرەکییەکانی دیاریکردنی واتای (چەمکی پێکهاتە)یان تاوتوێ کردووەو گەیشتنە ئەو دەرئەنجامانە کە دەڵێ:( ئەو گروپانەی کە دەناسرێنەوە بەوەی کە ریشەیەکی عرقییان هەیە، نەریتی زمانەوانی یان ئایینی و تایبەتمەندی دیاریکراوی ئەوان، لە دانیشتوانیتر جیادەکاتەوە

[3] - د.منى ياقو، الحمايه القانونيه للاقليات،الطبعة الأولى، 2019، ص10.

[4] - دەقی مادەی(٤٠-١) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسییەکان :(وڵاتان پابەندن بەو پەیماننامەە بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکانیان لەسەر گرتنەبەری رێکارەکان کە نیشانی دەدات چەسپاندنی مافە ناسێنراوەکان تێیدا، ولەبارەی ئەو پێشوەچونەی کە لە دەستگرتن بەو مافانەوە هەیە، و ئەوە: ا- لە ماوەی یەک ساڵ لە جێبەجێبونی پەیماننامەکە بۆئەوەی ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندیدارن پێی، ب- هەرکات لێژنە، داوای بکات.)

[5] - سعد سالم سلطان الشبكى، تمكين الاقليات من الحقوق المدنية و السياسية في القانون الدولي العام، رسالة ماجستير مقدمه الى مجلس كلية الحقوق-جامعة الموصل،س:2018،ص:34.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە بپارێزرێن هاوشێوەی کۆمەڵەکان بە رێکارەکانی تایبەت، بۆ ئەوەی بتوانن تایبەتمەندی و داب و نەریتەکانی خۆیان بپارێزرێن).[6]

سەرەڕای جیاوازی لە پێناسەکردن و ناساندنی پێکهاتە، زۆربەی شارەزایان پشت بە چوار پێوەر دەبەستن کە لە خولی سێیەمی لیژنەی لاوەکی _بەشێکە لە دەزگای نەتەوە یەکگرتوەکان، لەساڵی ١٩٤٧ دامەزراوە بۆ کاروباری دژایەتی جیاوازی و پاراستنی پێکهاتەکان_ لە رەشنوسێکی بڕیارێک باسیان دەکات کە بریتین لە پێوەری باڵادەستنەبوون، پێوەری تایبەتمەندی، پێوەری ژمارەی پێویست و پێوەری وەفاداری و ولائیان بۆ دەوڵەت.[7]

هەروەها فرانشیسکو کابوتورتی دادوەری ئیتالی و ڕاپۆرتدەری تایبەتی لێژنەی لاوەکی بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی و پاراستنی پێکهاتەکان لە ساڵی ١٩٧١-١٩٧٧، پێناسەی پێکهاتەی بە شێوەیەک کردووە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، پەسندکراوەو لە ئەنجامی توێژینەوەو گەڕان دا پێیگەیشتووە کە: پێکهاتە ئەو کۆمەڵەیە کە لە ڕووی ژمارە کەمترن لە دانیشتوانیتری ناو دەوڵەت، ئەوان هاوڵاتی دەوڵەتن، تایبەتمەندی رەگەزی، ئایینی، یان زمانی جیاوازیان هەیە لە گەڵ دانیشتووانەکەیتر، کە دیارن و شاراوە نین، هەستی پێکەوەژیانیان هەیە بە مەبەستی پاراستنی رۆشنبیری و داب و نەریت و ئایین و زمانی خۆیان. لەم ناساندنەدا چوار پێوەر پشتی پێ بەستراوە کە بریتین لە: پێوەری ژمارە و، پیوەری باڵادەست نەبوون و، پێوەری جیاوازی تایبەتمەندی و پێوەری هەستی کۆمەڵەبوون یان هاوبەشی.[8]

ئێمە پشتیوانی لەو پێناسەیە دەکەین سەرەڕای ئەوەی ئاماژەیەکی ئاشکرای بۆ پێکهاتە نەتەوەییەکان نەکردووە، لەبەرئەوەی زۆربەی پێوەرە پێشنیارکراوەکانی لێژنەی لاوەکی بۆ پاراستنی مافەکانی پێکهاتەکان دەگرێتە خۆی، لەجیاتی ئەوەی زۆرینەی پێکهاتەکان ئاماژە پێ بکات ، ئەمەش ئاگایی

---

[6] - التشريعات القانونية لحقوق الاقليات و مدي التزام الدوله بها، رسالة ماجستير مقدمه الي مجلس كلية القانون- جامعة لاهاي الدولية-فرع نينوي،س:2013،ص8.

[7] - لەساڵی ١٩٩٣ ناوی لێژنەکە گۆردرا بۆ لێژنەی لاوەکی جەختکردنەوەو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ شوێنکەوتەی لێژنەی مافەکانی مرۆڤە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، بروانە:
https://www.ohchr.org/Documents/publications/SubCommLeafletar.pdf. ڕۆژی سەردان: ١٤-١-٢٠٢١، کاتژمێر:٧:٣٠ی ئێوارە.

[8] - سعد سلوم، الوەحدە فی التنوع، چاپی یەکەم، بەغدا، ساڵی ٢٠١٥، ل:٢٥ .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهاتە بە پەیوەندییەکانی و هەوڵدانی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی پێکهاتە لە پاراستنی مافی جیاوازی، لەبەرئەوە زۆربەی پێناسەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تاکو ئێستا لەو خولانەوەیەدان.[9]

**لقی دووەم/ چەمکی پێکهاتەکان لە یاسای ناوخۆیی ولاتان دا:**

لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زۆر بۆ چەمکی پێکهاتەکان لەگۆشەنیگای جیاوازەوە ئەنجام دراون، ئەوەی لە هەمویان زیاتر پەسندکراوە ئەوەیە کە پێکهاتە کۆمەڵەیەکی کەم یان بچوکی ناو هەرێمی دەوڵەتێکی سیاسین، بەبێ لەبەرچاوگرتنی قورسایی سیاسی ئەوان لە کۆمەڵگا.[10] یان بە واتای ڕونتر پێکهاتە بە سروشتی خۆی کۆمەڵێکی کەمە لەڕوی ژمارە، وە ناتوانێ باڵادەست و زاڵ بێت.[11]

بنەمای دەستور و یاسای بنەرەتی پەیوەندیدارە بە ڕێکخستنی دەوڵەت وەکو دامەزراوەیەکی سیاسی، یان وەکو دایکێک بۆ گشت دامەزراوەکانی ناو دەوڵەت، لەڕوی چۆنییەتی دروستبونییان، وە تایبەتمەندییەکانیان و چۆنییەتی مامەڵەی ئەو تایبەتمەندییانە، وەدیاریکردنی سنور و کۆنترۆڵکردنی ئەو تایبەتەمەندییانە، هەروەها پەیوەندی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لەگەڵ یەکتر وە پەیوەندییان لەگەڵ هاونیشتیمانییان، هەروەها دەستور پەیوەندیدارە بە مافەکانی تاکەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتە گشتییەکان و چۆنییەتی پاراستنی ئەو مافانە، هەروەها ئەوە بۆ هاونیشتیمانییانیشە، ئەو دەستپێوەگرتنەی ماف و ئازادییەکان بۆ پێکهاتەکانیشە، چونکە ئەوەی دەستەبەر دەکرێت بۆ گشت و بەشێکیش دەستەبەر دەکرێت بەبێ جیاوازی و دووبەرەکی.[12]

پێناسە و ناساندی تایبەت و گشتگیر بۆ چەمکی پێکهاتەکان کارێکی ئاسان نییە، شارەزایان لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو جیاوازییان هەبووە، دەکرێ لە سەرچاوەی جیاواز و بە سەرنجدانی پێوەرە

---

[9] - بروانە: النهوض بحقوق الاقليات و حمايتها، دليل للمدافعين عنها، دليل صادر عن منظمة الامم المتحدة، س:2012،ص:7.
لە ماڵپەری ئەلیکترۆنی: https://www.ohchr.org/Documents/publications/HR-PVB-.pdf

[10] - د. عبدالحكيم فوزى سعودى، الدعم الدستورى و التشريعى لحقوق الاقليات فى مصر، دراسه تحليليه تأصيليه، دار النهضة العربية، س:2016،ص: 13.

[11] - د. صلاح ابراهيم الديب، حماية حقوق الاقليات فى القانون الدولى العام المعاصر، رساله دكتوراه مقدمة الى كليه احقوق، جامعة القاهرة، س:1996، س:9.

[12] - د. يحيى الجمل، القضاء الدستوري في مصر، دار النهضة العربية، القاهرة، س:2010، ص:11.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆراوجۆرەکان ئەوجیاوازیانە دەرکەوتبن. فقهی عەرەبی گرنگی پیویستی بە لێکوڵینەوەی بابەتی پێکهاتەکان نەداوە بە بەراورد بە بابەتی هاوبەش لە غەرب، هۆکارەکەی لەوانەیە ئاستبەرزی مەودای ئازادی فکر لە وڵاتە غەربییەکان بێت و ئەوە پێچەوانەی ئەو دۆخەیە کە لە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە ژێر فشاری حکومەتی دیکتاتۆر دەژین.[13]

تێروانینی پرۆژە دەستووری هەرێم بۆ مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان جێی بایەخە لەبەر ئەوەی دانپێدانانی بە هەبوونی پێکهاتەکان تێدایە.[14]

یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥، کە تایبەتە بە پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کە لە بواری دانپێدانان و پاراستنی پێکهاتەکان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت. پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کە یاساکە دەیانگرێتەوە بریتیین لە هاوڵاتییانی کوردستانی عێراق لەم پێکهاتانەی خوارەوە:[15]

- پێکهاتە نەتەوەییەکان: بە واتای ئەو کۆمەڵە و گروپانەی کە لە سەر بنەمای نەتەوە، لە هەرێمی کوردستاندا، بە پێکهاتەی دەژمێردرێن و مەمەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت کە بریتین لە:( ١- تورکمان ٢- کلدان سریانی ئاشوری ٣-ئەرمەن). - پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکان: بە واتای ئەو کۆمەڵە و گروپانەی کە لە سەر بنەمای ئایین و ئایینزا، لە هەرێمی کوردستاندا بە پێکهاتە دەژمێردرێن ئەوانیش بریتین لە(:١- مەسیحی ٢- ئێزیدی ٣- سابیئەی مەندائیی ٤- کاکەیی ٥- شەبەک ٦- فەیلی ٧- هی دیکە).

ئەوەی تێبینی دەکرێت یاساکە هەوڵیداوە بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان پێکهاتەکان دیاری بکات تا هەندێک لە پێکهاتە نەتەوەییەکانی وەک کلدان، سریان ئاشوری و ئەرمەن، هەر دوو پێوەری پێکهاتە نەتەوەییەکان و پێکهاتە ئایینییەکانیش دەیانگرێتەوە، چونکە سەرەرای نەتەوەکەیان ئەوان هەڵگری ئایینی مەسیحیشن.

---

13 - محمد خالد برع، حقوق الاقليات و حمايتها فی ظل احكام القانون الدولي العام، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت،س: 2012
ص:29.

14 - ماددەکانی ٥ و ٦ی ڕەشنوسی دەستوری هەریمی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٩.

15 - بڕگەی دووەمی ماددەی ١ی یاسای ژمارە ٥ی سالی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان.

لە لایەکی دیکەوە یاساکە لە کۆتایی دەقەکەیدا دەستەواژەی (هی دیکە)ی بەکار هێناوە ئەوەش واتا ئەو ژماردنانەی پێشەوە بە شێوەیەکی حەسری نەهاتوون و دەکرێت هی دیکەشیان بۆ زیاد بکرێت. بەڵام چۆنیەتی و رێکار و کێ ئەوە دیاری دەکات؟ لە یاساکە دا نەهاتووە. هەروەها یاسادانەر کە (هی دیکە)ی بەکار هێناوە بەو مانایە کە لە سەر ئاستی کۆمەڵە ئاینییەکان مەبەستی بووە بە شێوەی نمونە ئاماژە بۆ پێکهاتە ناوهێنراوەکان بکات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە چ پێوەرێک بۆ ناو هێنانی چەند پێکهاتەیەک وەکو نمونە هەیە؟ وە ئایا نەدەبو یاسادانەر هەمان زاراوەی (هی دیکە)ی لە گەڵ کۆمەڵە نەتەوەییەکانیش ناو ببات و ئاماژەی پێبدات؟ بۆیە ئەم بڕگەیە لە ڕووی دارشتنی تەشریعییەوە خەلەلی هەیە.

پرسیارێکیش ئەوەیە ئایا ئاماژەدان بەم پێکهاتانە بە شێوەی نمونە هاتووە یان بە شێوەی حصری؟ لە کاتێکدا لە سەر ئاستی نەتەوەکان نەتەوەی دیکەی وەکو عەرەب لە هەرێمی کوردستان دەژین. وە لە سەر ئاستی کۆمەڵە ئاینییەکان، بەهائییەکان و جووەکانیش لە هەرێمی کوردستان دەژین. بەڵام لە بڕگەی ئاماژە پێکراوی سەرەوە نە عەرەب و نە جو و نە بەهائی ناویان نەهاتووە.

هەرچەند کە پێموایە یاسادانەری کوردستانی لەبارەی بیروباوەڕی ئایینی ئازادییەکی باشی داوە و پابەندی بە بنەماکانی دیموکراسی دووپات کردۆتەوە بەو شێوەیەکە، دەرفەتی هێشتۆتەوە کەسانیتر کۆمەڵەی ئایینی تایبەت، بە خۆیان هەبێ و یاسا دەیانپارێزێت.

## خواستی دووەم : پۆلێنکردنی پێکهاتەکان

بۆئەوەی بتوانین پۆلینکردنێکی دروست بۆ پیکهاتەکان بکەین پیویستە بە پێی پێوەرە جیاوازەکان خوێندنەوەی بۆبکەین تا بتوانین بە وینەیەکی دروست و ڕون لە پیکهاتە بگەین. دەتوانرێ پێکهاتەکان لەبەر ڕوانگەی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیانەوە پۆلێن بکەین کە مەبەستی ئێمەیە، هەروەها لەڕوی دابەشبونی جوگرافییان بەسەر دەوڵەتەکان، و لەڕوی دابەشبونی جوگرافییان لەناو یەک دەوڵەتدا.[16]
پۆلینکردنی پێکهاتەکان بەپێی جۆری تایبەتمەندی و شوناسیان: (پێکهاتە ئایینی، زمان، سلالی، ئیتنی).

[16] - وائل احمد علام، حماية حقوق الاقليات في القانون الدولي العام، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية،س: 2001،ص:27.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١-پێکهاتەی زمانەوانییەکان: دەتوانرێ پێناسە بکرێن کە بریتین لە کۆمەڵەکانی لاوەکی لە دانیشتوانی دەوڵەتێکی دیاریکراو، کە بە زمانێک قسە دەکەن جیاوازە لە زمانی قسەکردنی باو یان زمانی زۆرینە کە ناوی زمانی دایکی لێنراوە، کە هەر مرۆڤێک لە تەمەنێکی بچوکەوە قسەی پێدەکات و هەندێک ناویان ناوە بە زمانی رەسەنی تاک.[17] پێکهاتەی زمانەوانی بریتییە لەو پێکهاتەیە کە جیادەکرێتەوە لە دانیشتوانیتری دەوڵەت لەڕوی زمان، کە ئەو جیاوازییە بنەمایەکە بۆ دیاریکردنی شوناسیان جیاوازن لە زۆرینە، وەکو کورد لەناو عێراق کە بە زۆرینە بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن. ئەم جیاوازی زمانەوانی دیاریکەری شوناسی کوردە هەرچەندە زۆرینەی کورد و عەرەب لەڕوی دینی هاوبەش و موسلمانن.[18]

٢-پێکهاتەی ئایینی: کۆمەڵێک لە دانیشتوانن کە شوناسی ئەوان لەسەر بنەمای باوەرەکانی ئایینیە و جیاوازە لە ئایینی زۆرینە یان جیاوازە لە ئایینی فەرمی دەوڵەت.[19] یان پێکهاتەی ئایینی بریتییە لە: ئەو کەسانەن کە یەک ئایین، یان یەک ئاینزای جیاواز لە دانیشتوانەکەیتر پەیرەو دەکەن.[20] یان بریتین لە: هەر گروپێکی نەتەوەیی-عرقی- کە ئایین نیشانەیەکی سەرەکی بونیان و جیاوازییان لە گەڵ گروپەکانیتری عرقی کە لە هەمان کۆمەلگان.[21]
٣-پێکهاتەی سلالی یان عرقی: ئەو کۆمەڵە دانیشتوانن کە هەست دەکەن کە لە ڕەسەن یان عرقێکی دیاریکراون، لەبەر ئەوە بەخاوەن تایبەتمەندی سروشتێکی بۆماوەیی دیاری دەکرێن.[22] ئەو پێکهاتەیە کە جیاوازی عرقی یان سلالی لە زۆرینەی دانیشتوان جیایان دەکاتەوە و تایبەتمەندی بایۆلۆژییان پێوەرە بۆ جیاوازبون لە زۆرینە، وەکو پێکهاتەی سپی پێستەکان لە جنوبی ئەفریقیا.[23]

---

[17] - د. منى ياقو، الحمايه القانونية للاقليات،الطبعة الاولي،س:2019،ص:41.
[18] - سعد سلوم، الوحده في التنوع، چاپی یەکەم،بەغدا، س:٢٠١٥،ص:25.
[19] - د.وائل احمد علام، سەرچاوەی پێشو،ص:٢٨.
[20]- د. منى يوحنا ياقو،حقوق الاقليات القومية فى القانون الدولى العام، دراسة سياسية قانونية، ط:1، بدون ناشر، اربيل،س:2009،ص: 148.
[21] - د. أحمد وهبان، اصراعات العرقية و استقرار العالم المعاصر، دراسة في الاقليات و الجامعات و الحركات العرقية،ط3، بدون مكان طبع، بدون سنة نشر،ص:193.
[22] - بروانە احمد علام، سەرچاوەی پێشو، ص:٩.
[23] - سعد سلوم،الوحده فى التنوع، سەرچاوەی پێشو،ص:٣٨.

٤-پێکهاتەی ئیتنی: ئەو کۆمەڵە دانیشتوانەن کە جیاوازن لە دانیشتوانەکانیتری وڵات لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە بایۆلۆجییەکانی وەکو رەنگی پێست یان رەنگی چاوەکان و پرچ و بەرزی باڵا یان ئەو کۆمەڵەیە هەست دەکەن کە ئەوان لە رەسەنێکی عرقی تایبەتن یان جیاواز دەکرێن بە هەبونی تایبەتمەندییەکانی سروشتی و بۆماوەیی، لە بەڵگەنامەکان و حوکمەکانی یاسای نیشتیمانی دا وشەی ئیتنی بەکار هاتووە بۆ ئاماژەدان بە هەمو ئەو پێکهاتەکانەیە کە تەنها جیاوازییان لە جۆری ئایین یان زمانێکی جیاواز لە زمانی باو لە دەوڵەتەکەیاندا، بەهەر حاڵ ئەو بابەتە لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەکو خۆی ماوەتەوە، زاراوەی پێکهاتەی عرقی، بە زاراوەی پێکهاتەکانی ئیتنی گۆردراوەتەوە، ئەوەش لە میانەی ئامادەکاری بۆ مادەی ٢٧ی عەهدی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی شارستانی و سیاسی.[24] پێناسەی پێکهاتەی ئیتنی دەلالەت لە کۆمەڵەکانی جێگیر و نەگۆر ناکات، بەڵکو ئەوان گردبونەوەکانی مرۆڤی ناجێگیرن، ئەندامەکانیان دەگۆردرێن لە مەودای درێژ ودوری کات دا، لەبەر ئەوە ئەندامبون و سنوری ئەوان پەیوەندیدارە بە گۆرانکارییەکان کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕوو دەدەن.[25]

٥-پێکهاتەی نەتەوەیی: پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو کۆمەڵە ئێتنییەن کە لەناو هەرێمێکی دیاریکراو نیشتەجێن، وە مەیلیان هەیە بەشدارییان هەبێت لە سیاسەتی دوستکردنی بڕیار لەو هەرێمە.[26]یان کۆمەڵەیەکی ڕەسەن کە جیاوازن لە دانیشتوانیتری دەوڵەت بە پەیوەندییەکانی هاوبەشیان لەنێو تاکەکان لە زمان و ئایین وخوو و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە لەیەک هەرێم لەسەر ئەساسی بەردەوامبون پێکەوە دەژین، وە جیاوازن لە دانیشتوانەکەیتری بەو رەگەزانە یان زیاتر، لەگەڵبونی هەست و شعوری قوڵ بۆ ئینتیمای یەکبون و سەربەخۆیی. عێراق هەڵگری سەرمایەکی دەوڵەمەندە لە نەتەوەی جۆراوجۆرو گەورە، وەکو نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و کلدانی و سریانی

---

[24]- غزوان حامد حمید الداؤودی، حمایە الحقوق السیاسیە للاقلیات دراسە فی أحکام القانون الوطنی و الدولي، بحث دبلوم عالی، جامعة الموصل-كلية الحقوق،س:2020،ص:7.

[25] - دهام محمد دهام العزاوي، الاقليات الاثنية في العالم الثالث و التدخل الدولى، رسالة ماجستير مقدمه الى مجلس كلية العلوم السياسية بجامعة بغداد، س:1995،س:6.

[26]- وائل احمد علام، سەرچاوی پێشو،ل:٢٩.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ئەرمنی، هەندێ لەو نەتەوانە پێکهێنەری پکهاتەکانی نەتەوەیین لە عێراق وەکو نەتەوەی تورکمان و ئاشوری و کلدانی و سریانی و ئەرمەنی.[27]

## باسی دووەم

## نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان

لە ڕاستیدا یەکێک لە خەسلەتەکانی سیستەمی سیاسی ئەم سەردەمە بریتییە لە دیموکراتییەت و سەروەری یاسا و یەکسانی لە ماف و ئەرک دا، لەبەر ئەوە دەسەڵاتەکانی توتالیتاری بە هەمو شیوەیەک ڕەت دەکرێنەوە، بۆیە چەندین شێوازی چارەسەری پێکەوەژیان و پاراستنی پێکهاتەکان خراونەتە ڕوو.[28] پشت بەستن بە پرۆسەی هەڵبژردن وەک بنەمایەکی دیموکراتییەت بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی ئامرازیکی بنەڕەتییە.[29] هەروەها پرەنسیپی یەکسانی دەروازەیەکە بۆ سودمەندبون لە هەمو ماف و ئازادییە گشتییەکان، بە بێ جیاکاری لە نێوان تاکەکان لە سەر بنەمای ڕەنگ و نەتەوە و پێگەی کۆمەڵایەتی و فاکتەرەکانی دیکە، بنەمایەکی سەرەکییە بۆ هەبوونی دیموکراتییەت.[30]

ئەم باسە بۆ دوو خواست دابەش دەکەین، لە خواستی یەکەمیان پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی بەشداری سیاسی پێکهاتەکان ڕوون دەکەینەوە، ولە خواستی دووەمیش باس لە ڕێکخستنی یاسایی نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین.

### خواستی یەکەم: پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی بەشداری سیاسی پێکهاتەکان

بنچینە دەستورییەکان کۆمەڵێک بنچینەی نیوخۆیین کە زۆریک لە بابەتە گرنگەکان لە دەوڵەت دا ڕێکدەخەن وەکو ماف و ئازادییە گشتییەکان، بۆیە لە زۆربەی دەستورەکاندا ماف و ئازادییە گشتییەکان بە دەقی دەستوری جێگیر کراون تا پارێزراو بن لە هەر دەستدرێژییەک، لەبەر ئەوە

---

27- شاناز احمد رشید، دور التشریعات الوطنیة في حمایة حقوق الاقلیات في العراق، سەرچاوەی پێشو.

28- د. شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي، الطبعة الثانیة، المرکز العربی للنشر و التوزیع، القاهرة، 2018،ص: 11.

29- د.منذر الشاوي، النظریة العامة فی القانون الدستوری، الطبعة الاولی، دار ورد للنشر و التوزیع، 2007،ل:161.

30- د.شورش حسن عمر، د.خاموش عمر عیدالله، الحق فی المساواة و موقف القضاء الدستوري منه، بحث منشور فی المجلة العلوم القانونیة، کلیة القانون، جاکعة بغداد، المجلد 32، العدد الثانی، 2017، ص:101.

ڕەچاوکردنی مافەکانی پێکهاتەکان لە گرنگترین تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی دەستوری دیموکراتییە، ئەو گەرەنتی کردنەی مافەکانی پێکهاتەکان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرەرای بوونی زۆرینەیەک کە خاوەن دەسەڵات و هێزن دەولەت لە رێگەی دەقی دەستور پاریزگاری لە مافی پێکهاتەکان دەکات.[31]
بۆیە سیستەمی کۆتا وەکو گەرەنتییەکی دەستوری بۆ بەشداری سیاسی پیکهاتەکان گرنگی خۆی هەیە، یەکەم کەس کە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد نوینەرایەتی پێکهاتەکان لە ناو پەرلەمان بە پێویست دەزانریت یاساناسی فەرەنسی Duguit بوو، کە پێیوایە پرەنسیپی نوینەرایەتی رێژەیی پرەنسیپێکی دادپەروەرانەیە و ریگر دەبیت لە دروستبونی حوکمرانییەکی ئیستبدادی.[32]
سەرەرای کارکردن بە سیستەمی رێژەیی هەندیک وڵات وەک گەرەنتییەک بۆ نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە نێو پەرلەماندا، کار بە پەیرەوکردنی سیستەمی کۆتاش دەکەن.[33] وشەی کۆتا لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە، بە ئینگلیزی Quota پێدەگوترێت کە بە مانای پشک یان بەش دێت.[34]
سیستەمی کۆتا جۆریکە لە جیاکاری ئەرێنی کاتی، لە ژیانی پەرلەمانی لە ریگەی دیاریکردنی پشکیکی دیاریکراون یان رێژەیەکی دیاریکراو بۆ توێژیک لە ئەنجومەن و دەستە هەلبژیردراوە جیاوازەکان.[35]
مەبەست لە جیاکاری ئەرێنی بریتییە لە دەست تیوەردانی یاسادانەر بە ئەنجامدانی جۆریک لە جیاکاری لە مامەڵە کردن، لە نێوان کەسە سروشتی یان مەعنەوییەکان کە یەک پێگەی یاساییان هەیە،

[31]- لطيف عبدالحسين موسى، الحقوق السياسية للاقليات الدينية في الدساتير العراقية، مجلة المثنى للعلوم الادارية و اقتصادية، المجلد الخامس، العدد1، 2015، ل:222.
[32]- د.منى يوحنا ياقو، حقوق الاقليات فى القانون الدولى العام، دراسة سياسية قانونية، مطبعة شهاب، الطبعة الاولى، 2009، ل:345-346.
[33] - د.خاموش عمر عبدالله، مافی چارەی خۆنوسی هەرێمی کوردستان لە ژێر رۆشنایی ئەزمونی ولاتاندا، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی زانکۆ، لە بلاوکراوەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە: ٢٧، ٢٠١٧، ل: ٥٦٠.
[34]- هنا صوفى عبدالحى،الكؤتا النيابية النسائية بين التأييد الدولى و المواقف العربية المتناقضة، مجلة المستقبل العربى، ژماره ٢٣،بيروت، ٢٠٩،ل:٤٨.
[35] - د.محمد احمد عبدالنعيم، مدى دور المشرع فى دعم التمثيلي النيابى المرأة، دراسة تحليلية مقارنة، دار النهضة العربية، القاهرة، 2006، ل: 218.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەویش بە پێدانی ئیمتیازیکی یاسایی بۆ تویژێکی دیاریکراو، بە ئامانجی قەرەبوکردنەوەی ئەو توێژە لەو بێبەشییەی کە بەر لە دەخالەتکردنی یاسادانەر ڕوبەڕوی ببۆوە.[36]

کۆتا بە دوو شێوە هەیە:[37] کۆتای دەستوری: ئەو بەشەیە یان ئەو پشکەیە کە لە نێو دەستوردا دەقی لەبارەوە هاتووە، دەستور بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەق لە بارەی تایبەتمەندکردنی کۆتای دیاریکراو بۆ پێکهاتە نەتەوەییەکان دەهینیتەوە، کە دەیانەوێت لە دامەزراوەی یاسادانان نوێنەرایەتییان هەبێت. کۆتای یاسایی: ئەو جۆرە کۆتایە لە یاسای هەڵبژاردن یان یاسای حیزبە سیاسییەکان، یان هەر یاسایەکیتری پەیوەندیدار باسی لێوە بکریت، ئەو شێوازە لە ژمارەیەک لە وڵاتان کە پێکهاتەی نەتەوەیی لە خۆ دەگرن، بە مەبەستی باشتر کردنی ئاستی نوێنەرایەتی لە پەرلەمان باسی لێوە دەکریت.

لە گرنگترین بنەماکانی دیموکراسییەت بۆ بابەتی ریزگرتن لە پاراستنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان بەشداری پێکردنیانە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراسییەت توندوتۆڵ و هاوتەریبە کە تێیدا ڕێگە دەدرێ گەل بەشداری پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بکات. دەوڵەتی دیموکرات هەڵقوڵاو و دەرئەنجامی هەڵبژاردنێکی پاک و ئازادە و دەسەلاتداران لەو ڕێگەیەوە پیادە حوکمی خۆیان دەکەن.[38] لەبەر ئەوەی پێکهاتە جیاوازەکان بە بەروارد بە زۆرینەی دانیشتوان لە ڕوی ژمارەی دانیشتوان کەمترن بە ئاسانی ناتوانن کورسییەکانی پەرلەمانی ببەنەوە بۆیە پەنا بردراوە بۆ سیستەمی کۆتا وەک گەرەنتییەک بۆ بەشداری پیکهاتەکان لە پرۆسەی سیاسی ولاتاندا، بۆیە ڕەچاوکردنی مافی پیکهاتە جیاوازەکان بە یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی دیموکراتییەت دادەنرێت کە لە گەڵ هەبوونی زۆرینەیەکی دەسەڵاتدار پارێزگاری لە پاراستنی مافی پێکهاتەکانیش مسۆگەر دەکرێت.

-[36] د.یسری محمد العصار، التمييز الايجابي و مدى اتفقه مع الدستور، مجلة الدستورية،تصدرها المحكمة الدستورية،العدد الخامس، 2004،ل:2.

- [37] صديق صديق حامد، دور القوانين الانتخابية فى الادارة السلمية للتعددية الاثنية، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٨٣-١٨٨.

- [38] د.منذر الشاوي، النظرية العامة في القانون الدستوري،الطبعة الأولى،دار ورد للنشرو التوزيع،2007،ل: 161.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشداری فیعلی پێکهاتەکان لە کاروباری گشتی وڵاتدا لە چوارچێوەی نوێنەرایەتی سیاسی خۆی دەبینێتەوە، کە ئەوە مافێکی پەیوەندیدارە بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازاد و پاکدا، بۆ ئەوەی پێکهاتەکان بتوانن تەعبیر لە شوناسی خۆیان بکەن لە ناو چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی گشتی لە ناو وڵاتدا.[39] کە واتە هەلی بەشداری سیاسی بۆ گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە هەموو ڕەنگ و چینەکانیەوە بەردی بناغەی سیستەمێکی دیموکراسییە. دیارترین پێناسە بۆ بەشداری سیاسی ئەوەیە کە ساموێل هانتنگتۆن کردویەتی کە پێیوایە مەبەست لە بەشداری سیاسی، ئەو چالاکییەیە کە هاونیشتیمانییانیی ئاسایی بە مەبەستی کارکردن لە پرۆسەی بڕیاردانی حکومەت ئەنجامی دەدات. ئینجا چ چالاکییەکی تاکەکەسی بێت یان بە کۆمەڵ، ڕێکخراو بێت یان هەرەمەکی، دابڕاو بێت یان بەردەوام، ئاشتییانە بێت یان توندوتیژانە، ڕەوا بێت یان نارەوا، کارا بێت یان ناکارا.[40]

بەشداری سیاسی فەرمی: لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و ناوەندەکانی بڕیاردان دێتەدی، خۆی لە ئەندامبوون لە ڕێکخستنە سیاسییەکان و هەوڵی گەیشتن بە پۆستی سیاسی وێنا دەکات.[41] بەشداریی سیاسیی نافەرمی: خۆی لە ئەندامبوون لە گروپ و حیزبە سیاسییەکان و گروپەکانی فشار وێنا دەکات. شانبەشانی ئەوەش بەشداری لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان و ڕادەربرین لە کۆبونەوە و گفتوگۆ سیاسییەکان، یان چوونە ناو چوارچێوەی دامەزراوەکان یان سەندیکا و ڕێکخراوەکان، هەروەها بەشداریکردن لە بزوتنەوەکانی نارەزایی لەخۆ دەگرێت.[42]

بۆبەهێزکردنی بەشداریی پێکهاتەکان لە پرۆسەی سیاسیدا، هەلبژاردن هەلێکی گرنگە. ئەم بەشدارییەش ڕەنگێکی دیموکراسییانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن دەدات. جا بەشدارییەکە وەک دەنگدەر

[39]- د.محمد يوسف خليل، محمد خليل الموسى، القانون الدولي لحقوق الانسان: المصادر و وسائل الرقابة، ج1، دار الثقافة للنشر و التوزيع، الاردن،2008،ل 491و492.

[40]- عصام نور، دور المرأة في تنمية المجتمع، موسسة شباب الجامعة، مصر، 2006،ل12.

[41]- الفقير سميحه،العزوف الانتخابي- دراسة ميدانية في طنجة، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية العلوم القانونية و الاقتصادية في جامعة عبدالمالك السعدي لنيل درجة الماجستير في القانون العام، المغرب،2008،ل 15.

[42]- زكرياء حريزى، المشاركه السياسيه و دورها فى محاوله تكريس الديمقراطيه التشاركية، رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة الحاج الخضر، الجزائير،٢٠١١،ل٢٤.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یان وەک بەربژێر و سەرپەرشتیار و چاودێربێت.[43] هەروەها بەربژێری بە یەکێک لە مافە سیاسییە هەرە گرنگەکان دەژمێردرێت و شانبەشانی مافی دەنگدان، مافێکی پێویستە بۆ بەگەر خستنی دیموکراسی بە پێی ناوەرۆکی دەستور بۆ زامنکردنی ئەوەی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگەکان و ئەوانی دیکە دەربڕی ویستی ڕاستەقینەی گەل بن.[44]

**خواستی دووەم: ڕێکخستنی یاسایی نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان**

لە پیناو بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردستان، سەرۆکایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە بەرواری ٨-٤-١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان_عێراق (پەرلەمان)ی دەرچواند و بە پێی یاساکە هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان لە بەرواری ١٩-٥-١٩٩٢ ئەنجامدرا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان، بەوەش یەکەم دەسەڵاتی یاسادانانی کوردستانی عیراق دانرا.[45]

پەرلەمان لە هەرێمدا، بالاترین دەسەلاتی یاسادانان و چاودێری کردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە و ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات، کە لە پەیرەوە و لە یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدۆاوە. هەروەها پەرلەمان، لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت، بەو پێیەی کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو هاتووە و بە پێی یاسای هەڵبژاردنی

---

43- نور الاسعد و اخرون، الديمقراطية في مواجهة التغيير- دليل الى تعزيز مشاركة المرأة في الحياة السياسية، المعهد الديمقراطي الوطنی، لبنان،2010،ل37.

44- د.داود الباز، حق المشاركة في الحياة السياسية،ط1، دار الفكر الجامعي، مصر،2006،ل357.

45 - لە کۆبونەوی ژمارەی (١)ی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە رۆژی ١-٣-١٩٩٢ بڕیار درا لە رێگەی هەڵبژاردن پرسەکان یەکلا بکرێنەوە، بڕیاردان بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن پێویستی بە کۆمەڵێ یاسا و رێسا هەبوو،لەبەرئەوەی بەرەی کوردستانی تاکە دەسەڵاتی ڕەوای گەلی کورد بوو، کە لە دوای ڕاپەرینەوە ڕەوایەتی وەرگرتبێت، لەو قۆناغەدا چەندین بڕیاری گرنگی دا کە لەوەانە: دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بوو. لە ژێر رۆشنایی ئەم بڕیارە لە رۆژی ١١-٤-١٩٩٢، یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی دەرچوێنرا و لە ژمارەی (٢)ی رۆژنامەی بەرەی کوردستانی بڵاو کرایەوە، کە دەتوانرێ بە گرنگترین بڕیاری بەرەی کوردستانی دابنرێ لەو سەردەمەدا بۆ کۆتایی هێنان بە ڕەوایەتی شۆرشگێری و گەرانەوە بۆ ڕەوایەتی لەژێر چەتری یاسا و سندوقەکانی دەنگدانەوە. هەروەها سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون لە شۆرش و بەرەی کوردستانیەوە بۆ هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم،٢٠١٧، ل:٢٠-٢١.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرین و نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان-عێراق دەکەن.[46] یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق تا ئەمرۆ هەشت جار هەموار کراوە.[47]

بە پێی یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان عێراق، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ و بڕگەی یەکەم لە ماددەی ٣٦ لەو یاسایە: پێنج کورسی بۆ کلدان سریان ئاشوری تەرخان دەکرێ و پاڵێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبرکێی لە سەر دەکەن. لە بڕگەی دووەمیدا: پێنج کورسی بۆ تورکمان تەرخان دەکرێت، پاڵێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبرکێی لە سەر دەکەن. لە بڕگەی سێیەمیدا: یەک کورسی بۆ ئەرمەن تەرخان دەکرێت، پاڵێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبرکێی لە سەر دەکەن.

بەشداری لە پۆستەکانی سەرکردایەتی و مافی وەرگرتنی پۆست لە بڕگەی یەکەمی ماددەی ٦ی یاسای بەرکاری پاراستنی پێکهاتەکان لە هەرێم جەختی لە سەر کراوەتەوە کە لە پێناو زامنکردنی مافی پێکهاتەکان مافی بەشداریکردنیان لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە هەرێمدا هەیە.

هەروەها بەشداریکردن لە پۆستە گشتییەکان لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددەی ٦ دا جەختی لێکراوەتەوە بەوەی کە بە پێی یاسا بەرکارەکان مافی بەشدارییان لە بەرێوەبردنی دامەزراوە حکومەتی و کارگێرییەکان هەیە لەو ناوچانەی کە پێکهاتەکان تێیدا رێژەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

لە رەشنوسی پرۆژەی هەرێمی کوردستانیش گرنگی بە نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەکان دراوە کە لە سیستەمی هەڵبژاردنی ئەنداماندا نوێنەرایەتی دادپەروەرانەی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لەبەرچاو دەگیرێت.[48]

پرۆسەی بە کرداریکردنی پرۆگرامی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەستی پێکرا کە نزیکەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ بوو لەم بەشەی کوردستان سەری هەڵدابوو. کێشە و کەلێن و وێرانکاری و ستەمکردن لە کوردستان لە لایەن حکومەتەکانی پێشتر زۆر بوون بەڵام بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان

---

46- لەمادەی ٢ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هاتووە.

47 - هەموارکردنەکان بڵاو بونەتەوە لە هەر یەک لە : رۆژنامەی پەرلەمان : (هەمواری یەکەم لە ساڵی ١٩٩٤ ژمارە ٢٣ ، هەمواری دووەم لە ساڵی ١٩٩٨ ژمارە ٣٧ ) وە لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان: ( هەمواری سێیەم لە ساڵی ٢٠٠٤ ژمارە ٥٣ ، هەمواری چوارەم لە ساڵی ٢٠٠٩ ژمارە ٩٨ ، هەمواری پێنجەم لەساڵی ٢٠٠٩ ژمارە: ١٠٠ هەمواری شەشەم لە ساڵی ٢٠١٠ ژمارە ١٩، هەمواری حەوتەم لە ساڵی ٢٠١٣ ژمارە ١٦٦ وە هەمواری هەشتەم لە ساڵی ٢٠١٧ ژمارە ٢١٧).

48 - بڕگەی دووەمی ماددەی ٤١ی رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دونیابینین و بۆچونێکی ڕوون و تێر و تەسەلی هەبووە بۆپرس و بابەت و گرفتەکانی داهاتووی کوردستان. بۆیە تێگەیشتنی دروست و لۆژیکی بۆ واقعی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیی کۆمەڵگای کوردستان و دیاریکردنی مامەڵەیەکی دروست و گونجاوی هەبوو وە گرنگی پێدراوە. ئەو بایەخەش لە سەر ئاستی یاسایی رەنگدانەوەی هەبووە و لە یاساکانی هەرێمدا کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراون لە بوارەکانی دانپێدانان بە بوون و کلتور و زمان و بەشداریی حوکمڕانی و رەخساندنی دەرفەتی یەکسان ، بە شێوازی جۆراوجۆر بە مەبەستی گەرەنتیکردنی مافەکانی پێکهاتەکان دەقی یاساییان بۆ دانراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بەوپەڕی رێزەوە مافەکانیان بە یاسا پێبەخشراوە.

رێچکەی دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکان و پاراستنیان لە هەرێمی کوردستاندا نەچەقیوە و لە یەک ئاست نەماوەتەوە بەڵکو بەردەوامە بۆ ئەوەی بۆشایی و کەموکورتییەکان نەمێنن و کاری بۆ دەکرێت. ئەم توێژینەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئاراستەیەکی دروست هەیە لە لایەن دەستەبژێری سیاسی و رۆشنبیری و ئەکادیمی و مرۆڤدۆستی کۆمەڵگای کوردستان کە پەرەی زیاتر بە بابەتی پێکەوەژیان و پاراستن و رێزگرتنی زیاتر بۆ گشت پێکهاتەکان لە کوردستاندا بوونی هەبێت. هەوڵ دەدرێت کە بابەتی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا بخرێتە بارێکی نمونەیی یاسایی و پراکتیکی.

بەرەی کوردستانی کە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکانی نەتەوەیی لەبەرچاو گرت، لە هەرێمی کوردستانی عێراق و بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە پێکهاتەی نەتەوەیی ئاشوری، بە دەرکردنی بڕیاری تایبەت لە ٨-٤-١٩٩٢ بۆ نوێنەرایەتی نەتەوەیی ئاشوری.[49] بەم بۆنەیەوە بزوتنەوەی ئاشوری بەیاننامەیەکی دەرکرد کە بە پشتگیری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی دادەنرێت و پێیان وابووە کە دەربڕینە لە رێچکەی دیموکراسی نیشتیمانی و بەرجەستەکردنی برایەتی لەمێژینەی کورد و ئاشورییەکان لەپێناو بەرژەوەندی هاوبەش لە ناوچەکەدا.[50]

پرۆفیسۆر د.سەرهەنگ بەرزنجی لە کتێبەکەی دا، ئەو بڕیارەی بەرەی کوردستانی پەسند دەکات بەو شێوەیە کە دەڵێ: لێرەدا جەخت دەکەینەوە لەوەی کە بڕیارەکەی بەرەی کوردستانی کە تایبەتی

[49] - کۆنوسی کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی،ژ:٣، ٨-٤-١٩٩٢.

[50] - رۆژنامەی بەرەی کوردستانی،ژ:٤، ٩-٥-١٩٩٢.

کردووە تەنها بۆ ئەو خولەی هەڵبژاردنە کارێکی باشە. لەبەر ئەوەی دیاریکردنی کورسی بۆ پێکهاتەکان بەو شێوەیە لەوانەیە ببێتە هۆی جیاوازی و ئاڵۆزی تایفی، کە ئەمەش تەجروبەی دیموکراتی حەقیقی لە نوێنەرایەتی پەرلەمانی لە هەرێم دور دەکاتەوە. لەبەر ئەوە د.سەرهەنگ پێیوایە کە حیزبەکانی پێکهاتەکان پێویستە رێزەکانی خۆیان یەک بخەن و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەشداری بکەن و بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمانی و پاراستنی یەکبونی ریزەکانی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق خۆیان بە شێوەی ئیتلافی حیزبی لە ناو حیزبەکانیتر بگونجێنن.[51]

سندوقی هەڵبژاردنی جیاواز لە بنکەکانی هەڵبژاردندا بۆ مەسیحییەکان تەرخان کرابوو، بە رێژەی ٢٥ بنکە لە دهۆک و ٨ بنکە لە هەولێر ە ١ بنکە لە سلێمانی و کەرکوک، کە تێکرا ٣٥ بنکە دەکات. لیستی مەسیحییەکان دوازدە هەزارو پەنجاونۆ دەنگی هێنا لەمانە ٨٨ دەنگیان نەژمێردران، وادیار کە مەسیحییەکانیتر کە ژمارەیان نازانرێت دەنگیان بۆ یەکێک لە حیزبەکانیتر داوە. بۆ یەک کورسی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی، لەناو لیستێکی مەسیحییەکان نزیکەی دوهەزاروچوارسەد دەنگ پێویست بوو لەبەرامبەردا بۆ هەر کورسییەکی لیستی حیزبەکانیتر دە هەزار دەنگ پێویست بوو.[52]

لەسەر ئەو بنەمایە، یاسادانەری کوردستانی دەڵێت: هەر حیزب یان توێژ یا پێکهاتەیەک نەتەوەیی·تورکمان،عەرەب،ئاشوری یلن هەر پێکهاتەیەکیتر) دەتوانێ لیستی تایبەتی خۆی پێشکەش بکات کە ناوی پاڵێوراوەکانی لە چوارچێوەی کوردستانی عێراق بێت.[53]

دەکرێ لە لایەنە ئەرێنییەکانی سیستەمی کۆتا لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بکەین بە: گەشە سەندنی دیموکراسی و ویستی پێکەوەژیان و، بالانس کردنی نوینەرایەتی پێکهاتەکانی گەلی کورستان و، جولاندنی ویستی بەشداری سیاسی پێکهاتەکان و، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لە سەر ئەو بەشەی پێکهاتەکان کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەیە، جگە لە بەرجەستەکردنی دیموکراسیەت و پابەندی پێوەی کە ئالیەتیکی دەستوری و یاساییە کاریگەری هەیە بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو و زامنکردنی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە پەرلەمان.

[51] - سەرهەنگ حمید البرزنجی، انتخابات اقلیم کوردستان العراق بین النظریة و التطبیق،سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣١١.

[52] - سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، سەرچاوەی پێشتر، ل:٥٥١.

[53] - ماددەی ٢٢ لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان،١٩٩٢.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**باسی سێیەم**

**ئەرکی یاسادانانی پەرلەمان ورۆڵی لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان**

لەبەر پێویستییەکانی بەرژەوەندی گەلی کوردستانی عێراق سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی یاسای ژمار (١)ی ساڵی ١٩٩٢،یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراقی دەرکرد، کە بریتی بوو لە حەوت دەروازە و شەست و یەک ماددەی یاسایی.[54]

پەرلەمان لە هەرێمدا، بالاترین دەسەلاتی یاسادانان و چاودێری کردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە و ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات، کە لە پەیرەوە و لە یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدۆاوە. هەروەها پەرلەمان، لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت، بەو پێیەی کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو هاتووە و بە پێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرین و نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان-عێراق دەکەن.[55]

ئەم باسە دابەش دەکەین بەسەر دوو خواست، لە خواستی یەکەمیان تیشك دەخەینە سەر شیکردنەوەی ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە بەشداریکردن لە حوکمڕانیدا، وخواستی دووەمیش تەرخان دەکەین بۆ یاسا پەیوەندیدارەکان بە مافە شارستانی وفەرهەنگییەکانی پێکهاتەکان.

**خواستی یەکەم: چوارچێوەی یاسایی بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە حوکمڕانی**

لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستاندا هاتوو کە: هەر پێکهاتەیەکی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە کە بە لیستی تایبەت بە پێکهاتەکەی بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکات.[56] هەروەها سەبارەت بە دیاریکردنی کورسیی کۆتا ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هاتووە[57] :

---

[54]- کۆی یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل: ١١٧-١٣٠.

[55]- لەمادەی ٢ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هاتووە.

[56] - بڕگەی یەکەمی ماددەی ٢٢ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان.

[57] - ماددەی ٣٦ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١- پێنج کورسی بۆ پێکهاتەکانی سریان، کلدا، ئاشوری تەرخان دەکرێت. ٢- پێنج کورسی بۆ پێکهاتەی تورکمان تەرخان دەکرێت. ٣- یەک کورسی بۆ پێکهاتەی ئەرمەن تەرخان دەکرێت.

**یەکەم**: سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە:[58]

بۆ گەرەنتی کردنی خوێندنی پێکهاتەکان بە زمانی خۆیان وەک لە پێشەوە بڕیاری لە سەر دراوە، دوو بەرێوەبەرایەتی گشتی لە پێکهاتەی ناوەندی وەزارەت بۆ خوێندنی( تورکمانی و سریانی) کراوەتەوە.

**دووەم**: سەبارەت بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:

لە پێکهاتەی وەزراەتەکەدا دوو بەرێوەبەرایەتی گشتی بە پێی یاسای وەزارەت بوونیان هەیە بۆ ئایینی مەسیحی و ئایینی ئێزیدی.[59] هەروەها بەیانێکی تایبەت بە دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکان لە دیوانی وەزارەت دەرکراوە.[60] ئەم بەڕیوەبەرایەتییە لە ئێستا دا چالاکە.

**سێیەم**: سەبارەت بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان: گرنگی بە رێز گرتن و پاراستنی مافەکانی پێکهاتەکان لە ڕوی رۆشنبیری و هونەری دراوە، بە شێوەیەک کە دوو بەرێوەبەرایەتی گشتی تایبەت بە کار و باری رۆشنبیری و هونەری (تورکمان و سریان) هەیە.[61]

**چوارەم**: سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان: لەم یاسایەش گرنگی بە پێگە و تایبەتمەندی پێکهاتەکانی کوردستان دراوە کە لە چەند خاڵێک ئاماژەی پێدەکەین: - دادگاکانی ماددە کەسییەکانی بۆ مەسیحییەکان و ئێزدییەکان و ئایینەکانی دیکە، لە بارەی جۆرەکانی دادگاکان تەرخان کردووە و دایناوە.[62] - لە مەڵبەندی هەر پارێزگایەک دادگایەک بۆ ماددەکانی کەسایەتی بۆ

---

[58] - بڕگەی دە و یازدەی ماددەی ٢١ی هەموارکراوی یاسای وەزارەتی پەروەردە، ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

[59]- بڕگەی نۆیەم و دەیەمی ماددەی ٣ی یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق .

[60] - بەیانی ژمارە ای ساڵی ٢٠١٧ی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکان لە دیوانی وەزارەت.

[61]- خاڵەکانی ٦ و ٧ی بڕگەی حەوتەمی ماددەی ٣ی یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٠،یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

[62] - بڕگەی دەیەمی ماددەی ٩ی یاسای ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان-عێراق.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان و ئایینەکانی دیکە پێک دەهێنرێت و بە یەک دادوەر دەبەسترێ و تایبەتمەند بە سەیرکردنی ماددەکانی کەسایەتی دەبێت... .[63]

**پێنجەم**: سەبارەت بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی: یاسای کۆمسیۆن مەرج دادەنێت کە دەبێت نوێنەری پێکهاتەکان لە ناو ئەنجومەنی کۆمیسیاراندا هەبێت کە ژمارەیان ٩ کۆمیسارە، پێویستە گەرەنتی بکرێت.[64]هەروەها لە پێکهێناتی کۆمسیۆن دا هاوسەنگی لە نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان گەرەنتی دەکرێت.[65]

**شەشەم**:سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەریمی کوردستان: یاسای تایبەت بەم بابەتە بایەخی بە بوونی پێکهاتە جیاوازەکان داوە و بەشدارییان لە ئەنجومەنە خۆجێیەکان گەرنتی کراوە،[66] بە جۆریک لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک دوو کورسی تەرخان کراوە بۆ کلدان، سریان، ئاشوری کە پاڵێوراوانی خۆیان کێبرکێی لە سەر دەکەن. لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک یەک کورسی تەرخان کراوە بۆ پێکهاتەی ئەرمەن کە پاڵێوراوانی خۆیان کێبرکێی لە سەر دەکەن. وە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەک کورسی تەرخان کراوە بۆ کلدان سریان ئاشوری کە پاڵێوراوانی خۆیان کێبرکێی لە سەر دەکەن. هەروەها لە ئەنجومەنی پارزگای هەولێر دوو کورسی بۆ کلدان سریان ئاشوری و سێ کورسیش بۆ تورکمان تەرخان کراوە کە پاڵێوراوانی خۆیان کێبرکێی لە سەر دەکەن.

تێبینی دەکرێت کە کورسیی کۆتا لە ئەنجومەنە خۆجییەکان تەنها بۆ پێکهاتەی نەتەوەییەکان تەرخان کرابێت. وا باشترە بۆ پێکهاتەی ئێزیدی لە پارێزگای دهۆک و بۆ پێکهاتەی کاکەیی لە پارێزگای هەولێر کورسی کۆتا هەبێت بە لە بەرچاو گرتنی ڕێژەی دانیشتوانییان.

---

[63] - بڕگەی یەکەمی ماددەی ٣٢ی هەمان یاسای پێشتر.

[64] - بڕگەی یەکەمی ماددەی ٥ی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.

[65] - ماددەی ١٨ی هەمان یاسای پێشتر.

[66] - بڕگەکانی أ،ب،ج،د لە ماددەی ٣٢ی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان.

*سەبارەت بە ئیدارەی هەڵەبجە : بە رێی یاسایی مەرج دادەنێت کە دەبێت لە ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە نوێنەری پێکهاتەی کاکەیی تێدا بێت.[67]

**حەوتەم**: سەبارەت بە یەکێتیی ماموستایانی کوردستان:- لە پێکهێنانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ماموستایاندا ڕەچاوی نوێنەرایەتی تورکمان و کلدان، سریان و ئاشوری کراوە.[68]- لەو لقانەی یەکێتییەکەدا کە نەتەوەکانی تورکمان و کلدان، سریان و ئاشور بوونیان هەیە، ڕەچاوەی ئەوە کراوە کە ئەوانیش نوێنەریان هەبێت.[69]

**هەشتەم**: سەبارەت بە یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان: بۆ پێدانی مۆڵەت، مەرجی داناوە کە بیروباوەری حیزب دوور بێت لە بڵاوکردنەوەی دوبەرەکی و جیاوازی لە ڕەگەز و ئایین و مەزهەبدا. واتا رێگای بەردەم حزبەکان بە داخراوەیی ماوەتەوە لەوەی کە دەست بۆ پێشێلکاری بنەماکانی مافی مرۆڤ ببەن.[70]

**نۆیەم:** سەبارەت بە پێدانی بودجەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان: ئاماژە بەوە کراوە کە هەر حیزبێک خاوەنی کورسیی کۆتای خولی بەردەوامی پەرلەمان بێت ئەوە وەک پشتیوانیکردنی، بە رێژەیەکی دیاریکراو لە بودجەی گشتی بودجەی پێدەدرێت. لەوەشیاندا بەهای کورسی کۆتای پێکهاتەکان بودجەیەکی زیاتری بۆ دیاریکراوە وەک لە بەهای کورسی حیزبی دیکە کە کۆتای پێکهاتەکان نەبێت. ئەمەش بۆ ئاسانکردنی کاری سیاسییە لەبەردەم پێکهاتەکان تا بەشداری بکەن.[71]

---

[67] - برگەی یەکەمی ماددەی ٢ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

[68] - برگەی ب ی ماددەی ١٣ هەموارکراو یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٢، یەکێتیی ماموستایانی کوردستان-عێراق هەموارکراو.

[69] - برگەی دووەمی ماددەی ٤ی هەمان یاسای پێشتر.

[70] - برگەی پێنجەمی ماددەی ٤ی یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣، یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

[71] - ماددەکانی ٢ و ٧ی یاسای ژمارە٥ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان٠عێراق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*سەبارەت بە پرۆژەی دەستوری کوردستان-عێراق: باسی لەوە کردووە کە لەبارەی پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستوری هەرێم، مەرج دادەنێت کە پێوستە نوێنەری پێکهاتەکان لە خۆ بگرێت.[72]

**خواستی دووەم: چوارچێوەی یاسایی مافە شارستانی وفەرهەنگییەکانی پێکهاتەکان**

یەکەم: مافەکانی پەیوەست بە ئازادی باوەڕ و ئایینەوە:

1- سەبارەت بە وەزارەتی ئەوقاف و کار و باری ئایینی :ئەم یاسا بەرکارەی ئێستا کە هەمواکراوەتەوە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵوەشاندۆتەوە بە ئامانجی ڕەخساندنی ئازادی ئایینی و باوەڕداری بۆ گشت ئایینەکانیتر کە شوێنکەوتەیان لە هەرێم هەیە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە تەنها بۆ باوەردارانی ئیسلام چر نەکرێتەوە. وە لە چەندین شوین دا هەوڵی داوە ڕێز لە گشت ئایینەکان بگیردرێت و دەستەبەرکردنی مومارەسەی مافی ئایینی بۆ باوەردارانی پێکهاتە جیاوازەکان بوونی هەبیت.

بەهێز کردنی پەیوەندی لە نێوان ئایین و ئایینزا و تایفە جۆربەجۆرەکانی کوردستان یەکێک لە ئەرکەکانی وەزارەتی ئەوقافە. هەروها دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و پەرستگاکانی دیکە ئەرکێکیترە کە بە بێ جیاوازی ئاماژەی پێکراوە. وە گرنگیدان بە کاروباری ئایین و تایفە و ئایینزاکان لە هەرێمدا بە جۆرێک کە گیانی لێبوردەیی لە نێوان ئایینەکان بەدی بهێنرێت و بە یەکگەیشتنی نێوانیان دابین بکرێت.[73]

2- سەبارەت بە سەندیکای رۆژنامەنوسان : کە باس لە ئەرکەکانی سەندیکای رۆژنامەنوسان دەکرێ یەکێک لە ئەرکەکان بریتییە لە ڕەواج پێدانی بنەماکانی لێبوردەیی و داکوتانی ڕەگی بڕوابوونی نەتەوەیی و ئایینی و یەکسانی لە هەرێمی کوردستاندا.[74]هەروەها لە چوارچێوەی ئامانجەکانی

---

[72] - بڕگەی یەکەمی ماددەی ٢ی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان-عێراق بۆ ڕاپرسی.

[73] بڕگەی شەشە و حەوتەم و دەیەمی ماددەی ٢ی یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

[74] - بڕگەی هەشتەمی ماددەی ٤ی یاسای هەموارکراوی ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ی سەندیکای رۆژنامەنوسان.

سەندیکای رۆژنامەنوسان جەخت لە ئازادی و لێبوردەیی و دورکەوتنەوە لە توندوتیژی لە گەڵ فەراهەمکردنی برایەتیی نەتەوەیی و ئایینی و یەکسانی لە هەرێمی کوردستان کراوەتەوە.

سەبارەت بە رۆژنامەگەری و کاری میدیایی لە کوردستان: ئەگەر رۆژنامەنوس سوکایەتی بە بیر و باوەڕ و رێورەسمە ئایینیەکان بکات، یان سوکایەتی بە سیمبول و پیرۆزییەکانی هەر ئایین و ئایینزایەک بکات و لەکەدارییان بکات. ئەوا لە نێوان(١-٥) ملیۆن دیناردا غەرامەیەک دەکرێت.[75] بە غەرامەکردنێکی یاسایی بێرێزی بە ئایین و باوەڕدارانی لە لایەن رۆژنامەنوسان قەدەغە کراوە.

3- سەبارەت بە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ: ناوەرۆکی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، کۆی مادده و بڕگەکانی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی تێدایە. وە چاودێرییەکی گونجاوی یاساکان لە هەرێم دەکات سەبارەت بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان، وە لەو بارەیەوە پێشنیار بۆ لایەنی پەیوەندیدار پێشکەش دەکات. وە هەروەها هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕادەی پابەندبونی دەسەڵاتەکانی هەرێم بە حوکمەکانی پەیماننامە و رێکەوتننامە و بڕگەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و هەر دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسیی و مافی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و دیارترین پێشێلکارییەکانییان لەو بوارەدا.[76]

**دووەم: مافەکانی پەیوەست بە زمان و ناسنامە و کولتورەوە:**

1- سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە: وەزارەتی پەروەردە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی سیاسەتی پەروەردەیی دادەنێت، بە مەرجێک کە وێرای گونجانی لە گەڵ سروشت و پێداویستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان، تایبەتمەندیی نەتەوەیی پێکهاتەکانیش تێیدا ڕەچاوکرا بێت. هەروەها لەو ناوچانەی کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن چرییەکی نیشتەیی پێک دەهێنن، مافی خوێندن بە زمانی دایک بۆ پێکهاتەکانی تورکمان و سریانی و ئەرمەنی بە پێی بەندوبەستی پەروەردەیی دابین دەکات.[77]

---

[75] - بڕگەی دوو و سێی ماددەی ٩ی یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان.
[76] - یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٠، یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
[77] - بڕگەی یەکەم وچوارەمی ماددەی ٤ی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەخت لە پێویستی بایەخدان بە پەروەردەی ئایینی و بەهاکان کراوەتەوە هاوتەریب لە گەڵ ڕەچاوی تایبەتمەندیی پێکهاتە ئایینیەکان کە لە هەرێم دەژین. جگە لەوە لە یەکەمین هەمواری یاسای وەزراەتی پەروەردە دا، دوو بەرێوەبەرایەتی تایبەت بە پێکهاتەی سریانی و تورکمانی دامەزرا، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە لە پێناو ئامادەکردنی زەمینەیەکی گونجاو و پاراستنی فرەیی پێکهاتەکان.[78]

2- سەبارەت بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان: یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٠، یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان-عێراق: لە بڕگەی دووەمی ماددەی ٢یدا: یەکێک لە ئەرکەکانی وەزارەت بریتییە لە رێزگرتن لە فرەیی هزری و کولتوری و نەتەوەیی و بایەخدان بە زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم لە پاڵ زمانی کوردیدا. بەو شێوەیە پشتگیری لە ڕوحی هاوڵاتی بوونییان گیراوە.[79]

هەروەها یاسەدانەری کوردستانی لە دەرئەنجامی هەنگاوێکیتری پڕ بایەخی یاساییدا وایکردووە کە دوو بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری بۆ پێکهاتەی تورکمان و سریانی هەبێت، ئەمەش بەشداری فیعلی ئەوان دەردەخات کە دەتوانن پەرە بە رۆشنبیری خۆیان بدەن. کە واباشترە بەرێوەبەرایەتی تایبەت بە ئێزیدییەکانیش هەبێت ئەگەر لە سەر بنەمای ژمارەیی دانیشتوانییان بێت.

3- سەبارەت زمانە فەرمییەکانی لە هەرێمی کوردستان: زمانەکانی(تورکمانی، سریان، ئەرمەن) لە پاڵ هەر دوو زمانی فەرمی هەرێمدا(کوردی و عەرەبی)، لە یەکەی بەرێوەبەرایەتی خۆیاندا و لە کاتی پێویستدا، زمانی فەرمیین.[80]

پێویستە زمانی پێکهاتەکان لە نوسینی تابلۆی سەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حکومییەکاندا، لە پاڵ زمانی کوردی و عەرەبی، ڕەچاو بکرێن. هەروەها بۆ پێکهاتەکانی هەرێم هەیە کە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبێت. واتە جیاوازی نییە بۆ پێکهاتەکان کە خاوەندارییەتی میدیا بکەن.[81]

---

[78] - ماددەکانی ٥ و ٦ی هەمان یاسای پێشوو.

[79] - بڕگەی دووەمی ماددەی ٢ی یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٠، یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

[80] - ماددەی ٣ی یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

[81] - بڕگەی یەکەمی ماددەی ١٠ و بڕگەی دووەمی ماددەی٢٠ی هەمان یاسای پێشتر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هەر یەکەیەکی بەرێوەبردندا، کە چڕی دانشتوانەکەی سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە بن،زمانی خۆیان لە پاڵ زمانی کوردیدا دەبێتە زمانی فەرمی بۆ خوێندن، قسەکردن، کاروباری کارگێری و ناوخۆییان.[82] وا باشتر بوو لەو ناوچانەی کە پێکهاتەکان تێیدا زۆرینەن بەکار هێنانی زمانی خۆیان لە نوسینی تابلۆکانی سەر شەقام و رێنمایی بۆ شوێن و ناوچەکانییان دەستەبەر کرابا.

4- سەبارەت بە پەسندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان: بە مەبەستی ئاگایی هاوڵاتییان لە دەقی پەسندکراوی پرۆژە دەستورەکە لە لایەن پەرلەمانەوە، ئەوا سەرەڕای چاپکردنی بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی،پابەندی هەبوو کە بە زمانی پێکهاتەکانی کوردستانیش(تورکمانی و سریانی)یش چاپ بکرێت. کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بە مەبەستی هۆشیاری و تێگەیشتنی گشتی بە بێ جیاوازی پێکهاتەکان.[83]

هەروەها لە بارەی ئامادە کردنی پرۆژەی دەستوری هەریم جارێکیتر بە مەبەستی ئاگایی هاوڵاتییان لە دەقی پەسندکراوی پرۆژە دەستوورەکە لە لایەن پەرلەمانەوە، ئەوا سەرەڕای چاپکردنی بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی، بە پێویست زانراوە کە بە زمانی پێکهاتەکانی کوردستانیش(تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی)یش چاپ بکرێت.[84]

5- سەبارەت بە رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەکانی مەسیحی لە هەرێمی کوردستان:[85] یەکەم: ئەو جەژن و بۆنانەی خوارەوە بە مۆڵەتی ڕەسمی دادەنرێن بۆ پێکهاتەی مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستاندا:( جەژنی لەدایکبونی حەزرەتی مەسیح(س) رۆژانی ٢٥-٢٦ی کانونی یەکەمی هەر ساڵێک.) و (جەژنی گەورە سێ رۆژە.) و (جەژنی هەڵکشان(الصعود) یەک رۆژە.) دووم: ئەو بۆنانەی کە بە مۆڵەتی فەرمی دادەنرێن بۆ ئاشورییەکان: (یەکی نیسانی هەر ساڵێک، سەری ساڵی ئاشوریی.) و

---

[82] - ماددەی ٢ی هەمان یاسای پێشتر.

[83] - ماددەی ٧ی یاسای ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای پەسندكردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٨.

[84]- ماددەی ٦ی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای ئامادە كردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان-عێراق بۆ ڕاپرسی.

[85] - بڕیاری ژمارە ٤٧ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان بۆ دیاریكردنی رۆژانی بۆنە فەرمییەكانی پێكهاتەكانی مەسیحی لە هەرێمی كوردستان-عێراق.

(جەژنی نووسەر دیل، یەک رۆژە.) سێیەم: ٧ی ئابی هەر ساڵێک بە رۆژی شەهیدی ئاشوری دادەنرێت و دەکرێتە ماتەمینی نەتەوایەتییان.

6- سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی ئێزیدی لە کوردستان:[86] (٣ی ئابی هەمو ساڵێک رۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکانە.)

7- سەبارەت بە رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پیکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان:[87] یەکەم: ئەم بۆنانەی خوارەوە بۆنەی فەرمین بۆ پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستاندا: (١٧ـی١١ی هەمو ساڵێک وەک رۆژی زمان و کولتوری پێکهاتەی تورکمان.) و ( ٢٥ـی٢، رۆژی رۆژنامەگەری پێکهاتەی تورکمان.)

**سێیەم: مافەکانی هاتوو لە یاسا پەیوەندیدارەکانی تر:**

1- سەبارەت بە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، کە لە هەرێمی کوردستانیش بەرکارە:[88] -سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە ٧ ساڵ زیاتر نەبێت یان حەبسکردن، هەر کەسێک کە هانی مەزهەبگەرایی و تیرەگەرایی بکات یان هانی کێشەنانەوە لە نێوان تیرە و ڕەگەزەکاندا بجولێنێت، رق و کینە لە نێوان دانیشتوانی عێراقدا بڵاو بکاتەوە. -هەر کەسێک پێگەیەکی ئایینێکی دانپێدانراو بە ناڕەوا بەکار بهێنێت سزا دەدرێ بە سزایەک کە لە ساڵێک زیاتر نەبێت یان بە غەرامە.-سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٣ ) ساڵ زیاتر نەبێت یان بە غەرامە کردنی، هەر کەسێک یەکێک لەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدات: ١- هەر کەسێک بە یەکێک لە رێگاکانی ڕاگەیاندن هێرش بکاتە سەر بیروباوەری تیرەیەکی ئایینی یان سوکایەتی بە دروشمەکانی بکات. ٢- هەر کەسێک بە ئەنقەست رێوڕەسم و ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی تیرەیەکی ئایینی بشێوێنێ یان رێگری لێبکات و لەکاری بخات. ٣- هەر باڵەخانەیەکی ئامادەکراو بۆ رێوڕەسمەکانی تیرەیەکی

---

[86] - بڕیاری ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی ئێزیدی لە کوردستان.

[87] - بڕیاری ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

[88] - ماددەی ٢٠٠ و ماددەی ٢٦١ و ماددەی ٣٧٢ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، کە لە هەرێمی کوردستانیش بەرکارە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئایینی یان هێمایەک یان هەر شتێکی دیکەی پیرۆز لە ڕووی ئایینی، تێک بدات یان لە ناوی بەرێت یان بیشێوێنێت یان پیسی بکات. ٤- هەر کەسێک کتێبێکی پیرۆزی پێکهاتەیەکی ئایینی چاپ بکات یان بڵاوی بکاتەوە، بە ئەنقەست دەقی کتێبەکە بگۆڕێت، بە شێوەیەک کە واتاکەی بگۆڕێت یان یەکێک لە حوکمەکانی، یان یەکێک لە ڕێنماییەکانی سڕیبێتەوە. ٥- هەر کەسێک بە ئاشکرا سوکایەتی بە هێمایەک یان کەسێک بکات کە لە لایەن هۆزێکی ئایینی بە پیرۆز یان پێداهەڵدان یان ڕێزگرتن دابنرێت. ٦- هەر کەسێک بە ئاشکرا و بە مەبەستی گاڵتە پێکردن لاسایی خواپەرەستی یان ئاهەنگێکی ئایینی بکاتەوە.

2- سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان: لە ئامانجەکانی کۆمەڵە دەبێت مەرجی ئەوەی تێدا بێت کە:( نابێ کەرتکاریی و جیاوازی ڕەگەزی و ئایینی و مەزهەبی بکاتە ئامانج). بەو شێوەیە ڕێگری لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان کردووە لە دروستبوونی دووبەرەکی و درز لە نێوان پێکهاتەکاندا، وە پابەندی کردوون بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانییان پابەندی پاراستنی مافی مرۆڤ و گرتنەبەری ئامرازی ئاشتییانە بن.[89]

3- سەبارەت بە بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن و تیرۆر لە هەرێمی کوردستان: کردەوەی تیرۆر بریتییە لە هەر توندوتیژییەک کە سازدرا بە مەبەستی سیاسی، هزری یان تایفەگەری و ڕەگەزی.[90]هەروەها نەهێشتنی تیرۆر لە پێشینەی کار و ئەرکەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان دانراوە.[91] بۆیە دەکرێ بڵێین ئامانجی سەرەکیی یاسای نەهێشتنی تیرۆر پاراستنی فرەیی و سەقامگیریی هەرێمە بە هەمو پێکهاتەکانییەوە. بە ئامانجگرتنی هاولاتییان بە گشتی و دروستکردنی مەترسی و هەرەشە و هێرش بۆ سەلامەتی خەڵک یان ئازادییەکانییان یان بۆ مەبەستی جیاوازی سیاسی یان نەتەوەیی یان مەزهەبی یان ئایینی، هەروەها زیان گەیاندن بە شوێنە ئایینیەکان یان تێکدان و وێرانکردن بە تاوانی تیرۆر دانراون.

شایەنی باسە کە یەکێک لە ئەرکەکانی ئاسایشی هەرێم پارێزگاریکردنە لە کولتور و ڕۆشنبیری گەلی کوردستانی عێراق بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبەکانییەوە.هەروەها هێنانەدی

---

[89] - برگەی سێیەمی ماددەی ٤ی یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣، یاسای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.
[90] - ماددەی ١ی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن و تیرۆر لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
[91] - یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستانی عێراق ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١١.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی تاوانی تیرۆر و پارێزگاریکردن لە شوێنەکانی پەرستن و پێگەکانی ئایین و فەراهەمکردنی ئاسایش بۆیان لە ئەرکە گرنگەکانی ئەو دەزگایەن.[92]

4- سەبارەت بە خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان: لەبارەی مەرجەکانی خۆپێشاندان بەو جۆرەیە کە نابێت لە خۆپێشاندان، هاندانی گروپێک بە هۆی(ئایین یان نەتەوە یان ڕەگەز) لە دژی گروپێکی دیکە بێت. واتا ڕێگری کراوە لە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی هاندانی خەڵک لە سەر توندوتیژی و جیاکاری.[93]

5- یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥، کە کرۆکی توێژینەوەکەی ئێمەیە. وە لە بواری دانپێدانان و پاراستنی پێکهاتەکان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بگرە عێراقیش، بە هەنگاوێکی نمونەیی دادەنرێت.

## دەرئەنجامەکان:

١-پەرلەمانی کوردستان لە پێکهاتەی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی پێکهاتووە کە ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگای کوردستانە.

٢-یاسادانەری کوردستانی لە بارەی بیر و باوەڕی ئایینی ئازادییەکی باش و پیویستی داوە و پابەند بووە بە بنەماکانی دیموکراتییەت، بە جۆرێک کە دەرفەتی هێشتۆتەوە بۆ کەسانیتر کە باوەڕداری ئایینی تر بن و بە یاسا دەیانپارێزێت.

٣-لە گرنگترین بنەماکانی دیموکراسییەت بۆ بابەتی ڕێز گرتن لە پاراستنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان بەشداری پێکردنیانە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، لە بەر ئەوەی پەیوەندی توند و تۆڵ لە نێوان هەڵبژاردن و دیموکراسییەت دا هەیە.

٤-پێکهاتە جیاوازەکان بە بەراورد بە زۆرینەی دانیشتوان بە ئاسانی ناتوانن کورسییەکانی پەرلەمان ببەنەوە بۆیە پەنا برداوە بۆ سیستەمی کۆتا کە بەشداری پیکردنیان مسۆگەر بکرێت.

٥-بۆ بەهیز بوونی بەشداری پیکهاتەکان لە پرۆسەی سیاسیدا، هەڵبژاردن هەلێکی گرنگە، ئەم بەشداری پێکردنەش ڕەنگیکی دیموکراسیانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن دەدات. بە جۆرێک کە هەم مافی دەنگدان

---

[92] - یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١١.

[93] - بڕگەی دووەم و سێیەمی یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٠، یاسای ڕێکخستنی خۆپێشاندان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و هەم مافی بەربژێری پێویستن بۆ بەگەر خستنی دیموکراسی، کە هەموان بتوانن بە پێی دەستور و یاساکان کورسی پەرلەمانی یان کورسی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان هەبێت.

٦-رێچکەی دەستەبەری مافی پێکهاتەکان و پاراستنیان لە هەریمی کوردستان نەوەستاوە و لە یەک ئاست نامینیتەوە بەڵکو بەردەوام کار بۆ بەهیز کردنی دەدریت. یەکیک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش بۆ ئەوەیە.

٧-گەشە سەندنی دیموکراسییەت و ویستی پیکەوژیان رەنگدانەوەی ئاستی گەشەی سیاسی و دیموکراسی و ئیرادەی سیاسی و هۆشیاری رای گشتی هەریمی کوردستانە.

٨-لە پەرلەمانی کوردستان لە ریێ دەرکردنی چەندین یاسا و بڕیاری تایبەت توانیویەتی هەنگاوی کردەیی و واقعی بۆ دەستەبەر و پاراستنی مافی پێکهاتەکانی کوردستان بنێت. کە گرنگترینیان یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانە لە کوردستان.

**ڕاسپاردەکان:**

١-لە پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی تایبەت بە کار و باری پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان هەبیت بۆ ڕایی کردن و تیگەیشتن و بەدواداچونی زیاتر لە کاتی پیویست دا.

٢-لە چەندین ماددە و بڕگەی یاسایی کە بۆ پاراستنی مافی پیکهاتەکان لە کوردستان، کە پەرلەمانی کوردستان دەریچواندون ئاماژە بەوە کراوە کە بە پیی یاسا بە رکارەکان دەی کار بکرێت بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان کە لە یاسادا جیگیر کراون .تەنانەت لە خودی دەقەکانی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ـەشدا کە تایبەتە بە مافەکان و پاراستنی مافەکانی پێکهاتەکان یاسادانەری کوردستانی دەڵێ بە پێی یاسا بەرکارەکان. بەلام ئایا یاسا بەرکارەکان پابەندی کردەیی و فیعیلی گەرەنتی پاراستنی مافی پیکهاتەکانیانی تیدا رەچاو کراوە.؟! بۆیە باشترە چارەسەرێکی یاسایی باشتر هەبیت چونکە خودی یاسا بەرکارەکان بۆ بابەتی پیکهاتەکان ناتوانن تیر و تەسەل یان لە ئاستی پێویست بن؟!

٣-پیویست بە یاسایەک هەیە کە دامەزراوەکان پابەند بکات بە گەرەنتی کردنی مافی پێکهاتەکان و پاراستنیان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:

### کتێبی کوردی:

1. د.خاموش عمر عبدالله، مافی چارەی خۆنوسی هەرێمی کوردستان لە ژێر رۆشنایی ئەزمونی وڵاتاندا، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی زانکۆ، لە بلاوکراوەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە: ٢٧، ٢٠١٧.

### کتێبی عەرەبی:

2. أحمد وهبان (د)، اصراعات العرقية و استقرار العالم المعاصر، دراسة في الاقليات و الجامعات و الحركات العرقية،ط3، بدون مكان طبع، بدون سنة نشر.
3. داود الباز(د)، حق المشاركة في الحياة السياسية،ط1، دار الفكر الجامعي، مصر،200٦.
4. سعد سلوم، التعددية المواطنة في التحولات الراهنة، بحث في المواطنة و المكونات المجتمعية في المنظمة العربية،ط: 2015.
5. سعد سلوم، الوحدة في التنوع، طبعة الأولى، بغداد، ٢٠١٥.
6. شورش حسن عمر (د)، خصائص النظام الفدرالي، الطبعة الثانية، المركز العربى للنشر و التوزيع، القاهرة، 2018.
7. شورش حسن عمر(د)، خاموش عمر عيدالله (د)، الحق فى المساواة و موقف القضاء الدستوري منه، بحث منشور فى المجلة العلوم القانونية، كلية القانون، جاكعة بغداد، المجلد 32، العدد الثانى، 2017.
8. صلاح ابراهيم الديب (د)، حماية حقوق الاقليات فى القانون الدولى العام المعاصر، رساله دكتوراه مقدمة الى كليه احقوق، جامعة القاهرة، س:1996.
9. عصام نور، دور المرأة في تنمية المجتمع، موسسة شباب الجامعة، مصر، 2006.
10. محمد احمد عبدالنعيم (د)، مدى دور المشرع فى دعم التمثيلي النيابى المرأة، دراسة تحليلية مقارنة، دار النهضة العربية، القاهرة، 2006.
11. محمد خالد برع، حقوق الاقليات و حمايتها فى ظل احكام القانون الدولي العام، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت،س: 2012.
12. محمد يوسف علوان (د) و محمد خليل موسى (د)،القانون الدولى لحقوق الانسان، الحقوق المحية، ج2، ط1، دار الثقافه للنشر و التوزيع،عمان،س:2005.
13. منذر الشاوي (د)، النظرية العامة فى القانون الدستورى، الطبعة الاولى، دار ورد للنشر و التوزيع، 2007.
14. منى ياقو (د.)، الحمايه القانونيه للاقليات،الطبعة الأولى، 2019.

15. منى ياقو(د)، حقوق الاقليات فى الدساتير العراقية-منذ تأسيس دولة العراق الى دستور 2005، بحث غيرمنشور.
16. منى يوحنا ياقو (د)، حقوق الاقليات فى القانون الدولى العام، دراسة سياسية قانونية، مطبعة شهاب، الطبعة الاولى، 2009.
17. منى يوحنا ياقو(د) ،حقوق الاقليات القومية فى القانون الدولى العام، دراسة سياسية قانونية، ط:1، بدون ناشر، اربيل،س:2009.
18. منى ياقو (د)، الحمايه القانونية للاقليات،الطبعة الاولي،س:201٩.
19. نور الاسعد و اخرون، الديمقراطية في مواجهة التغيير- دليل الى تعزيز مشاركة المرأة في الحياة السياسية، المعهد الديمقراطي الوطنى، لبنان،2010.
20. وائل احمد علام، حماية حقوق الاقليات في القانون الدولي العام، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية،س: 2001.
21. يحيى الجمل (د)، القضاء الدستوري في مصر، دار النهضة العربية، القاهرة، س:2010، ص:11.

**تێزە ئەكادیمییەكان:**

22. دهام محمد دهام العزاوي، الاقليات الاثنية في العالم الثالث و التدخل الدولى، رسالة ماجستير مقدمه الى مجلس كلية العلوم السياسية بجامعة بغداد، س:199٥.
23. زكريا حريزى، المشاركه السياسيه و دورها فى محاوله تكريس الديمقراطيه التشاركية، رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة الحاج الخضر، الجزائير،٢٠١١.
24. سعد سالم سلطان الشبكى، تمكين الاقليات من الحقوق المدنية و السياسية في القانون الدولي العام، رسالة ماجستير مقدمه الى مجلس كلية الحقوق-جامعة الموصل،س:2018.
25. شاناز احمد رشيد، دور التشريعات الوطنية في حماية حقوق الاقليات في العراق، جزء من مطلبات نيل شهاده الماجستير، كلية القانون-السليمانية،س:2020.
26. غزوان حامد حميد الداؤودى، حمايه الحقوق السياسيه للاقليات دراسه فى أحكام القانون الوطنى و الدولي، بحث دبلوم عالى، جامعة الموصل-كلية الحقوق،س:202٠.
27. الفقير سميحه،العزوف الانتخابي- دراسة ميدانية في طنجة، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية العلوم القانونية و الاقتصادية في جامعة عبدالمالك السعدي لنيل درجة الماجستير في القانون العام، المغرب،2008

**یاساكان:**

28. پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسییەكان ساڵی 1966.

29. پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (2018)ی هەمووارکراو.
30. التشريعات القانونية لحقوق الاقليات و مدي التزام الدوله بها، رسالة ماجستير مقدمه الي مجلس كلية القانون- جامعة لاهاي الدولية-فرع نينوي،س:2013،ص8
31. دەستوری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥.
32. ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان ساڵی (2011).
33. العهد الدولى الخاص بالحقوق المدنية و اسياسية عام 1966
34. کۆنوسی کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی،ژ:٣، ٨-٤-١٩٩٢.
35. کۆی یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل: ١١٧-١٣٠.
36. یاسای کۆمەڵە و رێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ١٩٩٣.
37. یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن و تیرۆر لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠٠٦.
38. یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (5)ی ساڵی (2015).
39. یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان٠عێراق، ٢٠١٤.
40. یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ١٩٩٣.
41. یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١١.
42. یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠١٠.
43. یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠٠٧.
44. یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٧.
45. یاسای رێکخستنی خۆپێشاندان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠١٠.
46. یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠١٠.
47. یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەمووارکراو.
48. یاسای سەندیکای رۆژنامەنوسان، ١٩٩٨ هەمووارکراو.
49. یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ٢٠١٤.
50. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩.
51. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، ١٩٩٢
52. یاسای هەمووارکردنی یەکەمی یاسای پەسندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ، ٢٠٠٨.
53. یاسای وەزارەتی پەروەردە، ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

54. یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠١٠.
55. یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکان لە دیوانی وەزارەت، ٢٠١٧.
56. یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ، ٢٠٠٧.
57. یاسای ئامادە کردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ راپرسی، ٢٠١٥.
58. یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠١٥.
59. یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستانی عێراق ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١١.
60. یەکێتیی ماموستایانی کوردستان-عێراق هەموارکراو، ٢٠٠٢.

**بڵاوکراوەکان:**

61. هنا صوفى عبدالحى،الكؤتا النيابية النسائية بين التأييد الدولى و المواقف العربية المتناقضة، مجلة المستقبل العربى، العدد ٢٣،بيروت، ٢٠٠٩.
62. يسرى محمد العصار(د)، التمييز الايجابى و مدى اتفقه مع الدستور، مجلة الدستورية،تصدرها المحكمة الدستورية،العدد الخامس، 2004.
63. لطيف عبدالحسين موسى، الحقوق السياسية للاقليات الدينية في الدساتير العراقية، مجلة المثنى للعلوم الادارية و اقتصادية، المجلد الخامس، العدد1، 2015.
64. رۆژنامەی بەرەی کوردستانی،ژ:٤، ٩-٥-١٩٩٢.

# The Role of The Kurdistan Parliament in Protecting the Rights of Minorities

## A Comparative Analytical Study

**Assist prof. Mariwan Saber Hamad**
Adviser at the Council of Ministers in the Kurdistan Regional Government, Iraq
mariwansaberhamad@gmail.com

**Kale Wsu Ahmed**
Department of Law, College of Law, Sallahaddin University, Erbil, KurdistanRegion, Iraq
Kalewsw1982@gmail.com

***Keywords:*** *Kurdistan Parliament, minorities rights, political participation, legal framework, quota system.*

## Abstract

This study analyzes the role of the Parliament of the Kurdistan Region in protecting the rights of the minorities. The law on the protection of the rights of minorities in Kurdistan - Iraq No. (5) of (2015) is the culmination of many laws that have been enacted by Parliament since its establishment until now, which are related to the protection of political, economic, social and cultural rights for all minorities of the Kurdistan Region, and we have studied In this study to address the legal problems related to ensuring that the minorities exercise their rights mentioned in the laws in force, and to present recommendations and proposals related to the subject of the study for the purpose of amending some legal texts in line with developments in the Kurdistan Region - Iraq. We discussed the political representation of the minorities in the Parliament of the Kurdistan Region, where we studied on the texts of the Kurdistan Parliament Election Law No. (1) for the year (1992) related to the allocation of certain seats to components in the region, and our evaluation of this organization in light of international standards for the political participation of minorities, and we have studied the legislative role of Parliament and its contribution to protecting the rights of minorities.

## دور برلمان كوردستان في حماية حقوق الاقليات
## (دراسة تحليلية مقارنة)

**الملخص:**

هذه الدراسة تبحث في دور برلمان اقليم كوردستان في حماية حقوق المكونات، فمنذ تأسيس برلمان الاقليم في سنة (1992) فان الاتجاهات التشريعية في قوانين اقليم كوردستان كانت، ولا تزال، تهتم بضمان حقوق المكونات بالشكل الذي يكفل لهذه المكونات القومية والدينية التمتع بحقوقهم والحفاظ على خصوصيتهم الثقافية وهوياتهم القومية والدينية، ويعد قانون حماية حقوق المكونات في كوردستان -العراق رقم (5) لسنة (2015) تتويجاً للعديد من القوانين التي شرعت من قبل البرلمان منذ نشأته ولحد الآن والتي تتعلق بحماية الحقوق السياسية والاقتصادية والاجتماعية والثقافية لجميع المكونات لاقليم كوردستان، وقد تطرقنا في هذه الدراسة لمعالجة الاشكاليات القانونية المتعلقة بضمان ممارسة المكونات لحقوقهم المنصوص عليها في القوانين النافذة، وتقديم التوصيات والمقترحات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

المتعلقة بموضوع الدراسة لغرض تعديل بعض النصوص القانونية بما يتلاءم مع التطورات في اقليم كوردستان -العراق، حيث تناولنا في هذه الدراسة التحديد القانوني لمفهوم المكونات وتصنيفها، وقد بحثنا في التمثيل السياسي للمكونات في برلمان اقليم كوردستان، حيث تطرقنا الى نصوص قانون انتخاب برلمان كوردستان رقم (1) لسنة (1992) المتعلقة بتخصيص مقاعد معينة للمكونات في الاقليم، وتقييمنا لهذا التنظيم في ضوء المعايير الدولية للمشاركة السياسية للمكونات، وقد درسنا الدور التشريعي للبرلمان ومساهمته في حماية حقوق المكونات.

**الكلمات المفتاحية:** برلمان كوردستان، حقوق المكونات، المشاركة السياسية، الاطار القانوني، نظام الكوتا.